# ژنان

# ٤٢

بەفرانباری ١٣٩٤

January 2016

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

دوو جەمسەری تەکنولۆژیا لە کۆمەڵگادا

لەکوێی کۆمەڵی کوردەواری ژن لە پێش پیاوە وەیە ؟

ئەسید پرژاندن یا تیرۆری ئەسیدی

گۆشەیەک لە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات

بەشداری ژنان لە کار کردندا

ژن وەک ژن

پێویستیی بەشداری ژنان لە سیاسەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێرست


دوو جەمسەری تەکنولۆژیا لە کۆمەڵگادا ٢
ئەسید پڕژاندن یا تێرۆری ئەسیدی ٣
بەشداری ژنان لە کار کردندا ٨
جۆرەکانی توندوتیژی ١٠
ژن وەک ژن ١٤
بیرەوری رۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک ١٧
پێویستی بەشداری ژنان لە سیاسەت ١٨
چیرۆکەکانی ژیان لە رۆژهەڵاتەوە ٢٠
لەکوێی کۆمەڵی کوردەواری ژن لە پێش پیاوە وەیە ؟ ٢١
گۆشەیەک لە خەباتی ژنانی رۆژهەڵات ٢٢
دیمانە ٢٤
با بە وتەی دایکانمان پەروەردە بین ٢٦
وەرزش ٢٧
زانستی ٢٩
کارو چالاکییەکانی یەکیەتی ژنان ٣١



دەستەی بەڕێوەبەری:
موژگان عەلیپوورە – عسمەت نستانی
هاوکاران: سروشت مووساپوور، تەوار ئەبروزەنی


# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە


دیزاینی بەرگ و ناوەوە:
سیروان قەوی‌پەنجە

پێداچوونەوە:
نەسرین حەداد


پەیجی سەرەکی کاروچالاکی‌یەکانی
یەکیەتیی ژنان

www.facebook.com/ 370284313166259


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوو جەمسەری تەکنولۆژیا لە کۆمەڵگادا



عیسمەت نستانی

ئەورۆ جیهان لە نێو شۆرشێکی نوێ دایە،ئەو شۆرشە بە شۆرشی پەیوەندی وزانیاری دەناسرێ.ئەو شۆرشە سنووری سیاسی وناوچە جوغرافیەکان ناناسێت وجیهان دەگۆرێ بۆ گوندێکی ئەلکترۆنی کە پەیوەندی دەکەن بە یەک دەگەن لە رایگەی سیستەمی پەیوەندی و زانیارییەکان.بڵاو بوونەوەو بە کار هێنانی بەرهەم وداهێنانو یەک لە دوای یەکەکانی تەکنولۆژیای پەیوەندی وزانیاری لە جیهان مایەی دروست بوون و روودانی کۆمەڵێک گۆرانکاری ودەرەنجام و ئاسەواری پۆزتیف ونیگەتیفە لەسەر کۆمەڵگا بە گشتی.

هەروەها ئەو گۆرانکارێر تەکنەلۆژی و داهێنانە نەرێیانە تا رادەیەکی زۆر ئاسان کاری کردلە دروست بوونی گرفتە کۆمەڵایەتیە جۆربەجۆرەکان،بەڵام لە لایەکی دیکە ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا لە پیشە سازی بووە هۆی پشتگوێ خستنی زۆرێک لە دەستی کرێکارەکان کە ئەوەش بووە هۆی دروست بوونی جۆرێک لە بێکاری لە نێوان جۆرێکی دیاری کراو لە کریکاران لە هەمان کاتدا گۆرانکارییە خێراکان تەنیا و دروست کەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان نەبوون،بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پزشکی توانی جۆرێکی زۆر لە نەخۆشیەکان کە لە پێشوودا بڵاو بوون،لە ناو بەرێ.

دەتوانین بڵێن تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی دوو جەمسەر و پەیامی گشتی بوولە کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆفاتەتی دا.سەرێکیان دەبوو بە سوودو جەمسەریەکیان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی دەرەنجامی نیگەتیفی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی کێشە لە کۆمەڵگا.

ئەگەر باس لە سوودەکانی ئامرازەکانی پەیوەندی و زانیاری بکەین بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە گەلێک ئاسانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆفایەتی کردووە ورۆلێکی گرینگ دەگێرن لە وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان،نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەزارەی نوێ بە کۆمەڵێک پرەنسیپ وپلان بۆ بەرگری کردن لە هەژاری و برسیەتی و نەخۆشی ونەخوێندەواری وتێکدانی ژینگە و نەبوونی یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزدا.هێزێکی پاڵنەری بۆ پاڵپشتی کردنی ئابووری لە رێگەی فراوانکردنی بەرهەمی نەتەوەیی بەزیاد کردنی داهێنانی تەکنەلۆژی و بەردەوام بوون و پێشکەوتن بۆ کەم کردنەوەی ئاستی هەژاری و گەشە ی ئابووری هەوڵی داوە.

لە هەمان کاتدا وێرای سوودەکانی بە هۆی کۆنترۆڵ نەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی وزانیارییەکان بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک گرفتی جۆرنەجۆری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونی و......هتد توشی کۆمەڵگا دەبێ زیان مادی و مەعنەوی لە تاک وکۆمەڵگادا و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی تاوان ولادان لە ناو کۆمەڵگا.

**- لایەنە باشەکانی ئینتەرنێت:**

ئەگەر باسی لایەنە باشەکانی ئینتەرنێت بکەین زۆر لایەنی باشی هەن کە بۆتە هۆی دروست بوونی زۆرێک لە کاروپیشەی پۆزەتیف بە تایبەتی لە بوارەکانی خزمەتی یاسا و ئاسایش و روبەروبونەوەی تاوانەکان،چونکە ژمارەیەکی گەورەی زانیاری بۆ توێژەران دابین دەکات لە زۆر بواردا.لە بواری پەروەردەو فیر بووندا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک چەمکی نوێ لە جیهانی خوێندن وەک خوێندنی ئەڵکترونیکی، پەرتووکی ئەڵکترۆنیکی، پەرتووک خانەی ئەڵکترۆنیکی،زۆرێکی دیکە لە ناوەندە ئەڵکترۆنیانە کە یارمەتی خوێنەر دەدەن لەسەر خوێندن لەو شوێنانەی دەیان هەوێ بیخوێنن بە بێ ئامادە بوون لە هۆلەکانی خوێندن لە کاتی دیاری کراودا.

بەکارهێنانی ئنتەرنێت لە ناوەندەکانی خوێندن بۆتە هۆی بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندن وفێربوون لە کۆمەڵگادا.فەهەنگێکی گەورەیە بۆ زانیاری و سەرچاوە کە توێژەران و خوێندکاران دەتوانن پشتی پێ ببەستن چونکە باشترین وخێراترین ئامرازە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ توێژینەوە.هەروەها لە بواری شارەزایی و گەشەی زمانەکان دا فێربوونی زمانەکان لە ڕێگەی سایتە ئۆنلاینەکان شارەزایی زیاد دەکا.

لە بواری پێداویستیەکانی تاک وەک پێداویستیە مەعریفیەکان کە دەست وێراگەیشتن بە سایت و ماڵپەرە ئەکادیمیەکان و خوێندنەوەی پەرتووکە ئەلکترۆنیەکان و چوونە نێو ماڵپەرە تەندروستیەکان بە بەخشینی زانیاری جۆراوجۆر و دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەی زانستی و پێشخستنی ئاستی زانستی سوودی هەیە.هەوەها پێداویستیەکانی تاک بۆ تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان بە کار هێنان دا.

هەروەها لە کاروباری بازرگانی دا ڕۆڵێکی باشی هەیە و کاریگەریگەورە لەسەر هەموو بوارە جیاوازەکانی دەرکی بە هۆی تواناکەی لە هان دانی ئاڵوگۆرە ئابووری و بازرگانیەکان و پتەوکردنی پەیوەندیەکان لە نێوان وڵاتە جیاوازەکانی جیهان دا هەیە. دیارە نە تەنیا بۆ بازرگانی جیهانی بەڵکوو لە بازرگانی ناوخۆش لە نیوان بەشەکانی یەک وڵات کە تێچووی کەمە سوودی لێ وەردەگیرێ کە ئەوەش هەل دەرەخسێنێ لە بەردەم وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بۆ ئەوەی لە ئابووری جیهان دا ڕۆڵیان هەبێ.

**- لایەنە خراپەکانی ئینتەرنێت:**

ئینتەرنێت لە هەمان کات دا هەندێ لایەنی نیگە تیفی هەیە لە ئە نجامی خراپ بەکارهێنانی دا.کە زیانی دەرونی و تەندرووستی بۆسەر تاک هەیە،چونکە زۆرێک لەو ئامێرانە کە پیوەستن بە کامپیوترو تەکنولۆژیای پەیوەندی برێکی دیاریکراو لە تیشکی کارو مۆگناتیسی دروست دەکەن کە ئەو تیشکەش بریتی یە لەو شەپۆلانەی کە پێک هاتووە لە وزەی کارەباو وزەی مۆگناتیسی،کە بۆ تەندروستی مرۆڤ زیانیان هەیە.چونکە دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی ئازار و نەخۆشی ئەندام،بە تایبەت دانیشتنی نا تەندروست و نەشیاو لە بەرامبەرکامپیوتر تووشی ئازاری جومگە و لاوازی چاو و کۆمەڵێک ئاسەواری ناتەندروست لەسەر ئەو ئەو ئەندامانە بەجێ دەهێلێ.یاخود بە هۆی ئەوەی ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی بەکار هێنەرانی ئینتەرنێت لە زیاد بوونە و خەڵکانێکی زۆر زۆرترین کاتی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن لە کۆتایی دا تووشی جۆرێک لە ئالوودە بوون واتە تێکەڵ بە جیهانێکی دیکە دەبن و حالەتەکانی وەک هەڵچوون و نەخۆشیە دەرونیەکان لێ دەکەوێتەوە و پێیەوە گیرۆدە دەبن.

بە گوێرەی لێکۆلینەوەیەک کە مامۆستایەکی دەروناس کمبرلی یونج لە زانکۆی بیترج لە برادفوردی وەلاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا ئەنجامی داوە دەرکەوتووە کە ٦٠٪ بە کار هێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهان دوچاری ئالودە بوون واتە خوگرتن بە ئینتەرنێت.چونکە زۆر بەکار هێنانی دەبێتە هۆی گرفتی دەروونی کە زۆر زیانی وەک گرفتی تەندروستی خوێندن وکار لە شییرازەی خێزان دەکات.

چونکە خراپ بە کار هێنانی ئینتەرنێت کاریگەری لەسەر خێزان دروست دەکات بە تایبەت لە ڕێژەی جیا بوونەوەی نێوان هاوسەران. چونکە زۆر بەکار هێنانی لەوانیە خێزانەکەی لە بیر بکات لە ئەنجامدا ببێتە هۆی شلەژانی خێزان.

بە پێ لێکۆلینەوەیەک کە لە لایان د.الجوهر بن کراوەدەرکەوتووە کە ٥٧٪ جیابوونەوەکان لە ڕەگەزی نێر و٦٣٪ لە ڕەگەزی مێ بەکارهێنەری و ئالودە بوونی زۆر و گفتوگۆ کردن بوون کە ئە مەش بۆتە هۆی ڕودانی جیابوونەوە،هەروەها ئەو توێژەرە باوەری وایە بەکار هێنان و کردنەوەی ئەو ماڵپەرانە لە لایان هاوسەرانەوە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی هەلی کار پێکردن وگەشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە نێوانیان داو هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ناکۆکی خێزان و سەرهەڵدانی دیاردەی جیابوونەوە.

دەتوانین بلێن خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت کاریگەری نیگەتیفی هەیە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دەبێتە مایەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا و زیاد کردنی بێ کاری و تندوتیژی و بڵاو بوونەوەی تاوان و هەرەشە کردن لە شوناسی کۆمەڵگا وئەستەمە پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتیەکان بکرتاوان و هەرەشە کردن لە شوناسی کۆمەڵگا وئەستەمە پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتیەکان بکرێ.کەواتە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیان دا سەرەرای مەترسی وزیانەکانەکانی بەکار دەهێندرێت و بە دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەسەن حاتەمی

# ئەسید پرژاندن یا تیرۆری ئەسیدی

## بەشی دوویەم و کۆتایی

له بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا، تەوەری کۆمەڵایەتی و مەدەنی باسی کرا. ئەم بەشە باسی تەوەری دوویەم واتا بەرنامەی دارێژراوی حکوومەتی سەبارەت بە ئەسید پرژاندن یا تیرۆری ئەسیدی لە ئێران دەکرێ.

پێویستە لەو بەشە دا، باسی بیر و بۆچوونی چەند کەس لە بناخەدانەرێئیۆری ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا، سەبارەت بە ژنان بکەین بۆ ئەوەی رێچکەی هەڵسوکەوت سەبارەت بە ژنان لە روانگەی رووحانییەتی هەرەسەروو، پتر یارمەتیدەری دیمەنی فەزای دژە ژنی ئێستا و نابەرانبەرییەکان بین، کە جینایەتی هێرشی ئەسیدی یەکێک لە ئاکارە هەرە قێزەونەکانییەتی.

شێخ فەزوڵڵای نووری پاش ئەوەی لە شۆرشی مەشرووتەخوازی هەڵگەڕایەوە و جەختی لەسەر مەشرووعە خوازی کرد، وتەکانی کاریگەری لەسەر بەشێک لە رووحانییەتی بە نفووز لەنێو خەڵکی زۆربە موسڵمانی شیعە مەزهەب هەبوو. ئەو موخالیفی دروستکردنی قوتابخانەی کچان بوو. و گوتبووی: چ مانایەکی هەیە ژن دەرس بخوێنێ. ئەوکارە وێنەی پەرپیدانی خراپەخانەکانە. دانی پوولی شوێنە موبارەکەکان و رەوزە خوێندنەوە و پوولی زیارەت بۆ کردنەوەی مەدرەسەکانی پەروەردی ژنان و قوتابخانە بۆ کچان، موخالیفی ئیسلامە.

**– لوایح شیخ فضل الله نوری، بکوشش هما رضوانی، نشر تاریخ ایران، ۱۳٦۲–**

ئایەتوڵلا سەیەد حەسەنی مودرِس- نوێنەری تاران لە خولی دوویەمی مەجلیسی شووڕای ملی و یەکێک لە فەقییەکانی ئیسلامی چاودێر بەسەر یاسای بنەرەتی دا- کە وتەیەکی گرینگی هەیە و دیکوت:" سیاسەتی ئێمە دیانەتی ئێمە و دیانەتی ئێمە سیاسەتی ئێمەیە." روانینی سەبارەت بە ژن بەو جۆر بوو: ئەگەرچی لە هێندێک وڵاتانی رۆژئاوایی مافی ژنان رێزی بۆ دانراوە، بەڵام من تەواوی لەشم دەلەرزێ کە ناوی ژنان بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ مەجلیس و نوێنەرایەتی دەبیسم. چوونکە خودا ئەو کارامەییەی بەوان نەداوە. روونە کە هەژاران و نەدارانیش هەر لەو رەدەیە دان. جگە لەوەش، ژنان لە مەزهەبی ئیسلام لەژێر کۆنترۆڵی پیاوان دان. "الرجال قوامون علی الناس"

– داوود فیوجی، کتاب شیعه و نظام سیاسی مشروطه-

رێکخراوی فیدائیانی ئیسلام- ۱۳۲٤ یا ۱۳۳٤ دەورەی یەکەم-، لە کتێبێک بە ناوی "راهنمای حقایق یا....." کە مانیفیست یا بەرنامەی ئەو رێکخراوەیە بوو؛ پێوندی پتەو و بەربلاوی ژنانی لە کۆمەڵگە لە گەڵ پیاوان دا، بە "فاسد" ناوبردوە. ئەو رێکخراوە ئامانجی دامەزرانی "حکومت اسلامی" بوو. هەردوو وەلی فەقیهی یەکەم و دوویەمی بە ئایەتووڵلا کراوی کۆماری ئیسلامی ( خومەینی و خامنەیی)، خۆیان بە مێراتگری فیکری نەوابی سەفەوی- رێبەری بیر تیرۆری موخالیفانی ئیسلام-، دەزانن، کە دامەزرێنەری ئەو رێکخراوە توند ئاژۆ ئیسلامییەیە.

**– حسن حاتمی، پروسەی اسلام سیاسی و تشکل های اساسی آن در ایران جلد اول، مەی ۲۰۱٤–**

هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە لە زمانی دوو کەس لە ئەندامانی ئەو رێکخراوەیە "محمد مهدی عبد خدایی و داوود امینی" کە سەبارەت بە تیرۆری دکتور حوسێنی فاتمی قسە دەکەن دەڵێن: رۆژنامەکانی "باختر امروز و شاهد" و رۆژنامەکانی لایەنگری دەوڵەت و رادیۆ، بوختان گەلێکیان بە فیدائیانی ئیسلام کرد کە گۆیا: ئەوان ئەسیدیان بەسەر و دم و چاوی ژنانی بێ حیجاب، پرژاندبێ. دوو وێنەشیان گرتوە و دوو وتووێژی درۆشیان بلاوکردۆتەوە. خانمێک وتوویەتی: ئەسیدیان بەمن داکردوە. ئەوی دی وتوویە: چارشێویان لە دەوری من کیشاوەتەوە.فیدائیانی ئیسلام پییان وابوو : ژنان دەبێ حیجاب یان هەبێ.

– سایت مؤسسەی مطالعات ایران، تاریخ معاصر-

ئەو وتانە نیشانەی ئەوەیە کە بە پێی بۆچوون و هەڵسوکەوتە، تیرۆریستی یەکانی فیدائیانی ئیسلام، لە روانگەی منەوە لەوانەیە ئەسید پرژاندن و تیرۆری ئەسیدی بە دژی ژنان و کچان یشیان ئەنجام دابێ.

حوجەتوئیسلام رووحولا خومەینی لە تیلگرافێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



بۆ حەمە ڕەزا شا (پەهلەوی دوویەم) لە ڕەزبەری ١٣٤١ (١٩٦٢) دا، نووسی: ئێزن دان بە ژنان بۆ مافی دەنگ دان بۆتە هۆی نیگەرانی ئایەتوڵڵاکان و چینەکانی دیکەی مسوڵمانەکان.

**– سایت کوثر هدایت–**

دوو حەتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەفتەری ئاتوڵڵا خومەینی بڕیاری هەڵوشانەوەی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵەی دەرکرد و پۆشین (حیجاب) ی زۆرەملی (اجباری) کرد.ناوبراو یەک ڕۆژ پێش ڕۆژی جیهانی ژن، لە قوتابخانەی رفاه، کوتی: ژنانی کارمەندی دەوڵەت دەبێ حیجابی ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی ئابڕوویان ڕەچاو بکەن.

**– ویکی پیدیا–**

دوای نارەزایەتیی ژنان لەو قسە و بڕیارە لە ڕۆژی نێونەتەویی ژنان– ٨ ی مارسی ١٩٧٩) دا بوو کە وەرزێکی نوێی سەرکووت و تەپەسەری بە دروشمی "یا روسری یا تو سری" بە دژی ژنان و کچان دەستی پێکردوە و پتر لە ٣٥ ساڵە بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە بەستێنی سەرکوت و خوڵقاندنی فەزای دژی کچان و ژنان، هێز ئەمنییەتی یەکان، وزارەتخانەکانی ئێرشاد و نێوخۆ و بەشی قەزایی، میدیاکانی دەسەڵاتداری و لەسەرووی هەموویان بەیتی ڕێبەری، پێش نوێژەکانی هەینی هەر یەکەی لە بەشێک دا، کاری بەردەوامیان لەماوەی بوونی کۆماری ئیسلامی ئەنجام داوە.

بۆ ئەوەی لە وێنەی نوێ دا باسی پتری ئەو بابەتە بکەین، کەمپینی نێونەتەویی مافی مرۆڤ لە ئێران باس دەکەین.

ئەو کەمپینە دوای ئەسید پڕژاندنەکانی ئیسفەهان، لێکۆڵینەویەکی ئەنجام دا و لە ١٥ ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ (٢٠١٥)، بڵاوکرایەوە. ئەو ڕاپۆرتە نیشان دەدا کە: "ئەسید پڕژاندنەکان دژی ژنان ریشەی لە سیاسەتەکانی حکوومەت دایە."

ئەو کەمپەینە باس دەکا کە: داوا لە مەجلیس دەکرێ، هەرچی زووتر گەلاڵەی "امری بە معروف و نهی از منکر"، کە ئێزن بە هێزی بەسیج دەدا ئازادییەکانی تاک و کۆی ژنان لە ژێر پێ بنێن و ببنە هۆی توندوتیژی دژی ئەوان، وەربگرێتەوە.

کەمپەین لە هێزی قەزایی دەوێ کە: تەواوی هەوڵەکانی خۆی بەکار بەرێ هەتا ئەسید پڕژاندنەکانی زنجیرەی دژی ژنان لە ئێران کە پێوەندی بە خۆداپۆشین (حیجاب) ی ژنان هەیە، ڕاگرێ. ئەسید پڕژێنەرەکان بگرێ و بە عەداڵەتیان بسپێرێ.

هادی قائمی– مودیری کەمپێنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ–، گوتی:"ئەگەر بەرپرسانی دەوڵەت دیاری نەکەن کە هەر شارومەندێکی کە بەهۆی بەرڵلایی (خودسرانە) بەکردەوە، هەر هەوڵێکی توندوتیژی بۆ ئیجرای حیجابی ژنان کردەوەیەکی نایاساییە و بەتوندترین شێوە سەزا دەدرێ، دەتوانیین چاوەڕوانی دووپات بوونەوەی ڕووداوە هەرە دڵتەزێنەکان بین."

ئەو کەمپینە لە ڕاپۆرتی خۆی دا، "توند و تیژی بەرەڵڵایانە، ئەسید پڕژاندنەکانی ئێران و هێرشی حکوومەت بە مافی ژنان، لایحەکانی مەجلیس، سیاسەتەکانی حکوومەت و لێدوانەکانی گشتی بەرپرسانی حکوومەتی و ڕووحانییەکانی پلەی سەروو، و بەستراوە بە حکوومەت کە فەزایەکی لەباریان بۆ توندوتیژی دژی ژنان و بەتایبەتی هەلێکی باشیان بۆ هێرشەکانی پێوەندی دار بە ئەسید پڕژاندن لە ئێران ڕەخساندوە"، شی دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لە ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی نێونەتەویی دا، ئەو خاڵانە پتر زەق دەبنەوە کە:

لایحەکانی تاوتویَ گەلالەی"ئەمری بە چاکە و نەهی لە خراپە" (ئەمر بە معروف و نهی از منکر)، بە هێزەکانی شێوە بەسیجی ئیزن دەدا، هەتا حیجابی تەواو و زۆر شتی دیکەی "معروف" بە شارومەندان" امر" دەکەن. هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی وردی ئاکاری گرووپە بەرەڵلا(خودسر) ی ئەنساری حیزبوڵلا کە لایحەی ناوبراو بە ئەوان دەسپێردریَ.

هەڵبژاردەیەک لە وتوێژەکان لە لایەنەن هەواڵدەرییەکانی ئێران لەگەڵ قوربانییەکانی هێرشەکانی ئەسیدی و بنەماڵەکانیان، بۆ پێشگرتن لە سەرکوت لەبەر خۆداپۆشین و بڵاوکردنەوەیان لە میدکانی حکوومەتی و لێدوانەکانی گشتی بەرپرسان و رووحانییەکانی سەر بە حکوومەت کە لەویَ دا، خوازیاری ئیجرای سەرەڕۆیانە لە رەفتار بە دژی و جل و بەرگی ژنان دەبیَ.

حکوومەت لە گەلالەکانی دیکەش کە هەوڵ بۆ چوارچێوەدارکردنی مافی ژنان لە بوارەکانی خوێندن، کارکردن، پاک و خاوێنی(بێهداشت)، و پەرەپێدان بۆ منالی پتر و زگ پری، و ئیزن نەدان بۆ بەشداری کچان و ژنان لە گۆرەپانەکانی گشتی دا، شوێن پێی هەیە.

جێی ئاماژە و سەرسوورمان ئەوەیە کە لە پاییزی ساڵی ١٣٩٣(٢٠١٤) دا، زنجیرە ئەسید پەرژانێکی کە لە شاری ئیسفەهان ئەنجام دران، کەسانی نەناسراو ئەسیدیان بە دەم و چاوی ژنان و کچانێک دا پرژاند، کە هیچ چەشنە ناکۆکیی تایبەتی پێشوویان لەگەڵ یەک نەبوو. چوونکە هەر نەیان دەناسین.

لە رۆژهەلاتی کوردستان یش لە شاری بۆکان لە شەوی ١٤ ی جولای ٢٠١٥ دا، کە هێرشی ئەسیدی بە چەند کچ و ژن کرا، زۆر ئاشکراتر لە ئیسفەهان، دوای ماوەیەکی کەم تاوانبارێک گیرا. ئەو سەر بە ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی رێژیم بوو. بەڵام هەم حاشای لێکرا و هەم وەک: کەسێکی "مەست" و "حەب خۆر" و "ئاگا لە خۆ نەماو" لەقەڵەم درا.

دیوەکەی دیکەی کە پێوەندی بە ئەنجام دەرانی ئەسید پرژاندن یا تیرۆرە ئەسیدی یەکان هەیە؛ قوربانی کردن و لە راستی دا، تیرۆرکردنی کەسایەتیی و سەربزێوی ئەوانیشە. چوونکە ئەوان ئامووزش دەدرێن و پەروردە دەکرێن کە دلرەق و توورە و دژی ئینسانی هەڵسووکەوت بەرانبەر بە ژنان و کچان یَک بکەن، کە بە واتەیەک وەک دایک و خوشکی خۆیان وان.

لە هەمووی ئەو ئاکارە دزێوانە دا، بەجۆرێک دەردەکەویَ کە، دەستی رێژیم لە پشت ئەنجام دەرانی ئەو تاونە دژی ئینسانی یانە دەبێنرێن. گەورەترین مەترسی لەو توندیتژی حکوومەتی بەرانبەر بە ژنان و کچان لەوە دایە کە، بەرنامە و "شەرعی شیعە" و بەشێوەی "ئاکاری موقەدەس"، دەقەبڵێنن.

بۆ ئەو ئاکارە دزێوە: جینایەتەکانی حکوومەتی کە لە پتر لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا بەسەر کۆمەڵگەیان داسەپاندوە، لەئەستۆی توێژیک بوە کە سەرێکی "فرهنگ اطاعت" و سەرەکەی دیکەی "فرهنگ نفرت" بیَ. بەو شێوەیە بۆ وێنە: مەئموورانی ئیتلاعاتی رێژیم کە بە شکڵی زنجیرەیی، سازمان دراو، گرووپی و لەسەر بناخەی دەوستوورە وردەکان و روون کە لە بەرپرسەکانیانرا، وەری دەگرن، جینایەتەکان ئەنجام دەدەن؛ کە لە بەرەی "فرهنگی اطاعت" دا، جیَ دەگرن. ئامووزشەکانی ئیدئۆلۆژیک کە پتر لە چوارچێوەی رێورەسمی مەزهەبی بە کۆمەڵ لە مێشکی کەسانێک دەئاخنریَ، هەتا بە چاوی جیاواز بروانییە نەیاران وموخالیفانی خۆیان و وەکوو "منافق، مفسد فی الارض، طاغوت، محارب با خدا" و شتی دیکە سەیریان بکەن. ئەو دیاردەیە لە دەروون ناسی دا، "انسانیت زدایی" (سڕینەوەی مرۆڤی)پیَ دەگوتریَ. ئەو بیرە قوربانی بە چاوێکی خراپەکار تەماشا دەکا. چووکە کردەوەی قوربانی لە میدکان، تاوان وەپاڵ دانەکانی جۆراوجۆر لە دادگاکانی رواڵەتی، نمایشی قبووڵی تاوان بە ناچاری و ئیجباری و شتی لەو چەشنە، هەموویان لە شکڵ دان بە شیمانەی "سڕینەوەی مرۆڤی" و بەهێزکردنی هەنگاو دەنیَ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**– بە نەقڵ لە بەشەکانی ٣ و ٤ ی وتاری لێکۆلینەوەی"پیکر زن ایرانی در فرهنگ اسید پاشی، رضا کاظم زادە– روانشناس و پژوهشگر مقیم بلژیک، رادیو فردا"–**

جگە لەوەش کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا، رووداوەکانی ئەسید پرژاندن بە خاریجییەکانەوە بلکێنێ و ولاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و دەست و پێوەندەکانیان بە تاوانبار بناسێنێ. لە حالێک دا، جەوانی و جوانی و کەم حیجابی، خالە هاوبەشەکانی ژنان و کچان ێکن کە بەداخەوە بوونە ئامانجی تێرۆری ئەسیدی و پیلانی دەرەکیش لە گۆڕێ دا، نییە.

پێویستە بۆ بەرنگاری و دژایەتیی ئەو ئاکارە قێزونە، کەمپێنی جۆراوجۆر کە بەخۆشی یەوە هەن

نێونەتەوەیی دەبێ بە کۆماری ئیسلامی ئێران بە روونی بڵێ کە، ئەگەر دەتهەوێ بە توانا بەشی تەواو (توانبخشی کامل) و ئارامی نێونەتەوەیی بگەی، دەبێ دەست بەجێ ئاکارەکانی لەژێر پێ نانی ماف و ئەمنییەتی ژنان راگری."

پێویستە ئاماژە بکرێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، کە ٧٠ ساڵ لەوە پێش کۆماری کوردستان دامەزرا. پێشەوای نەمر قازی محەممەدی سەکۆمار، لە رەشەممەی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا، ژنان و کچان ی لە ماڵەکان هێنایە دەر و بەرەو تێکۆشان و حیزب و رێکخراوسازی مەدەنی هانی دان. ئەوانیش مافی تێکۆشانی ئازادی سیاسی و مەدنیان دەست پێکرد ولە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دا، کەم و زۆر بەرەو گەشەکردن چوون.

بەڵام رووحوڵلا خومەینی– کە بوو بە بناخەدانەری



بەهێز بکرێن و رێکخراو گەلی مرۆڤدۆستی پتر دروست بکرێن. ئەوان وێرای چالاکی لەنێوخۆی ئێران بەگوێرەی بوێری و بۆ رەخسانیان، و لە دەرەوەی ولاتیش لەم بارەیە پتر هەوڵ بدەن کەیسێک دروست بکرێ و وەک: تاوان دژی بەشەریەت و تێرۆری ئەسیدی، فشار بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران یا هەر ولاتێکی دیکەی لەو چەشنە بدرێ و شێوەیەک لە هاوپێوندی و هاوسۆزی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆ دروست بکرێ.

بەقەولی خانمی گیسوو نیا– جێگری کەمپێنی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ لە ئێران– "کۆمەڵگەی

کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکەمین وەلی فەقیە–، لە رەشەممەی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا، ژنانی لە نێو شەقامەکان و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ بۆ نێو ماڵ هان دا، و بە هێنانی حیجابی ئیجباری بەرەو چوارچێوەدارکردن و کەم کردنەوەی گەشە کردنی کچان و ژنان، هەنگاوی نا. ئاکامەکەی دوای پتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە جۆری شیعەی ئەسنا عەشەری لە ئێران دا، نامرۆڤانەترین شێوەی پێ شێل کارییەکانی مافی ژنان و کچان لە هەموو شوێنەکانی ژیانی ئاسایی، یاسایی، مەدەنی و سیاسی دایە؛ کە بەداخەوە هەر درێژەی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەونم هەمزەیی

# بەشداری ژنان لە کار کردندا

داهاتی کەسی پاداشتێکە کە تاکەکەس دەستی دەکەوێت لە بەرامبەر بەشداری کردنی بیری و بازوویی لە چالاکی بەرهەمێناندا،و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە داهاتی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێکدا،ئەمەش پێویستە بە بێ جیاوزی بۆ هەر یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا بێت.

چالاکی ئابووری و دابینکردنی بژێوی ژیان یەکێک لە پێداویستیەکانی سەرەکی هەموو مرۆڤێکە، هەموو مرۆڤێک بۆ مانەوە و بەردەوامی لە ژیان و گوزەرانی باش پێویستە لە لایەنی ئابوورییەوە بێ گرفت بێ و بژێوی ژیانی بە ئاسانی دابین بکا. گومانیش لەوەدا نیە کە بەهێزی سیستەمی ئابوری لە هەر وڵاتێکدا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر بەرز کردنەوەو بەهێز کردنی ئاستی خۆشگوزەرانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و ئەو وڵاتانەی بەرەو گەشە و پێشکەوتن دەچن، لە ڕێگای بەرنامە گەلێ گونجاو و بێ هەڵاواردن و نایەکسانی ڕێگا بۆ ئەوە خۆش کراوە کە هەموو مرۆڤێک بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکا، هەموو خەڵک هیوایان بەوە هەیە کە ئەگەر ڕۆژێک تەمەنیان گەیشتە ئەو ئاستەی توانایان نەمێنێ، لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان ڕابگەن و کێشەیەکیان لە ژیان دا نەبێ.

بێکاری یەکێکە لە خەسارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە کۆمەڵێک زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی بەدواوەیە. ئەم دیاردەیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو کەسانەی لە تەمەنی کار کردندان ناتوانن بەشداری لە چالاکی ئابوریدا بکەن،لە ئەنجامی هۆکار گەلێک کە بە دوور لە ویست و خواستی ئەوانە،لە کاتێکدا توانای کار کردن و ویستی بەدەستهێنانی کاریان هەیە و بەردەوام بە دوایدا دەگەڕێن، کە ئەمەش وا دەکا تاکەکانی کۆمەڵگا نەتوانن بە گوێرەی پێویست لە بەرەوپێش بردن و گەشەی کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

بە پێی ئەوە ژنانیش وەک هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا مافی بەدەست هێنانی کاریان هەیەو پێویستە لە چالاکیە ئابوریەکان بەشدار بن و سەربەخۆیی ئابوری بەدەست بهێنن، چونکە ژنان نیوەی کۆمەڵگان و لە پشتگوێ خستنی ئەواندا ، پەیکەربەندی ئابوری تووشی گرفت دەبێت.

کاتێک باس لە هێزی کار کردن دەکرێت، ئەوا کۆمەڵێک توانای جەستەیی و بیری هەر کەسێکە، کە ژنیش لەو توانایە مرۆییە بێبەش نیە. بەڵام بەشداری نەکردنیان لە چالاکی ئابوریدا بە تایبەت لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان کە بەشی زۆری وڵاتانی گەشەنەسەندو یان بڵێین جیهانی سێیەم بەدەستی دەناڵێن، ئەوا ژنانیش بە شێوەیەکی تایبەتی شوێنەوارەکانی ئەو کاریگەریە خراپە لە کۆمەڵگا دا جێ دەهێڵن بەهۆی نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگادا.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکان ژنان ئەو توێژەن لە زۆربەی بوارەکاندا مافیان پێشێل کراوەو ڕێگەیان پێ نەدراوە سوود لە و توانا جەستەیی و بیریەی کە هەیانە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگادا ببینن، بۆیە ساڵانە لە زۆربەی وڵاتاندا هەوڵ دەدرێت بۆ ئەو مەبەستە ڕێگە چارەی گونجاو بدۆزرێتەوەو زۆرترین ڕێژەی ژنان لە مەیدانی کاردا بەشداری پێ بکەن.

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕۆژئاوا لە ساڵەکانی ١٩٣٠ ی بەولاوە دەرک بەوە کراوە کە دەستی کار بەوە پێشدەکەوێت کە جیاوازی ڕەگەزی لە کار کردندا نەبێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ دا ژنان هەوڵی جدیان داوە بەتایبەت لە سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوەکانی کریکاران و بەڕیوەبردنی کارەکان کە بە ڕێژەیەکی باش بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە.

هەروەک دەزانین کە مارگارێت تاچێر کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی حیزبی پاریزگارانی بەریتانیا بوو فەلسەفەیەکی گرینگی لەو پەیوەندیەیدا دارشتووە ، هەروەها زۆر لەسەر مەسەلەی مافی ژنان کاری کردووە، کە بە پێی ئەو فەلسەفەیە داهاتی تاک زۆر گرینگە بە بێ جیاوازی ڕەگەزی ، جا ئەگەرئەو داهاتە ژنانیش بگرێتەوە،دەبێتە هۆی سەربەخۆبوونی لە لایەنی ئابوری و متمانە بەخۆبوون و هەوڵدان بۆ ئاراستە کردنی تواناکانی لە بەرهەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هێناداو کاریگەی لە باشتر کردنی ئابوری نەتەوەییدا.

ژنان ڕۆڵی ئەرێنیان هەیە لە گەشەکردنی ئابوری وڵاتدا، لەبەر ئەوەی ژنان نیوەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن ئەوا بێکاری ئەوان دەبێتە زیادبوونی ڕێژەی بێکاران و بەرزبوونەوەی ژمارەی بەکاربەران لە کۆمەڵگادا کە ئاستی بەرهەمداریان سفرە، بەوەش نەهامەتی بۆ ئابوری وڵات دەهێنێ.

سالانە یەکێک لەو کۆبونەوە گەورانەی جیهانی کە بەرێوە دەچێت، لە نێوان زۆربەی وڵاتاندا کۆبوونەوەی (جی بیست) کە گەورەترین و کاریگەرترین کۆبوونەوەی ئابووریە کە ئەمساڵ ساڵی ٢٠١٥ لە تورکیا بەرێوەچوو، لە ساڵی ٢٠١٤یەکێک لە تەوەرەکانی تایبەت بوو بە هەوڵدان بۆ ئاسانکاری و هاوکاری کردنی ژنان بۆ کار کردن، بە شێوەیەک کە بە پێی پلانێک تا ساڵی ٢٠٢٥ بە ڕێژەی لە سەدا ٢٥ زیاد بکات، واتە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان هەلی کار کردنیان بۆ برەخسێت.

بێکاری ژنان دیاردەیەکە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و جیهانی سێیەم بەدەستیەوە دەناڵێنن، زۆربەی کات ئەوە دەتوانین بۆ دواکەوتوویی لە پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە بگەڕێنیەوە کە پەیوەندی هەیە بە لاوازی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە، دابەزینی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئەوەی هەلی گونجاو نەرەخسێت بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدان، بەردەوام دەبێت لە دەرکەوتنی دواکەوتووی لە وڵاتدا، زۆربەی کات منتالیتەی کۆمەڵ ئەو ڕۆڵە دەبینێت و ڕێگە نادەن ژنان بەشداری چالاکیەکان بن.

جیا لە زهنیەتی یان مینتالیتەی کۆمەڵ، یاساو دەستوری دارێژراو ، ئاستی گەشەسەندوویی وڵاتێکی گەشەسەندوو بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی گەشەنەسەندوو، کاریگەریان دەبێت لەسەر دروست بوونی ئەو دیاردەیە.

ئەمە شتێکە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی دادپەروەری لەوێ حاکمە لەبەرچاو دەگیرێ و تا ئەو جێگایەی ڕێگە هەبێت بوارەکان بۆ خۆش بژێوی خەڵک ئامادە دەکەن. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانێک کە دیکتاتۆری بە سەر خەڵکدا زاڵە و دەسەڵات بۆ پتەوکردنی جێگە و پێگەی خۆی، بە هەموو شێوەیەک مافی خەڵک پێشێل دەکا، ئابووری و خراپبوونی باری ژیان گەورەترین کێشەیەکە کە سەرەڕای کێشە و گرفتەکانی دیکەی خەڵک بەرۆکی ئەوان دەگرێتەوە. وڵاتی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ لەوێ حاکمە و ئەو دەسەڵاتە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ هیچ چەشنە مافێکی خەڵک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و نەتەوەکانی نێو ئێران بۆ ئەوان بەڕەوا نابینێ و پێشێلی دەکا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاوڕدانەوەیەکە لە ژنان لە کۆمەڵگای ئێران دا کە لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیانیان بێ بەشن، یەکێک لەو مافانەش سەربەخۆیی ئابوری ئەوانە، لەگەڵ ئەوەی ژنان هەوڵیانداوە ئەو کۆت وبەربەستانە بشکێنن ، بەلام ڕێگریەکان لە پێشنەکەوتنیان هەر بەردەوامە.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئاوڕێک بدرێتەوە لە بەندەکانی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی لەو پەیوەندیەدا.کە لە ماددەی (٢٢): باسی گرینگی ڕەخساندنی بواری کار هاتووەو وەک بەشێک لە حەیسییەت و گیان و ماڵ و مافەکان و شوێنی حەوانەوە ئاماژەی پێ کراوە. هەروەها لە ماددەی (٢٨): کاری دڵخواز بە مافی بنەڕەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە دانراوە و دەوڵەتی ئەرکدار کردووە کە ئیمکانی پێویست و هەلی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان برەخسێنێ.

لە ماددەی (٤٣): دیسان پێداگرن لەسەر دابینکردنی ئیمکاناتی یەکسان و ڕۆڵی دەوڵەت لەو بوارەدا.

لە ئێراندا،چینی ناوەند لەو چینانەیە کە زۆرتری مافی پێشێل دەکرێت، بە هۆی خراپی بارودخۆی ئابوری لە ئێراندا بۆتە هۆی دروست بوونی ڕێژەیەکی زۆر بێکاری بە شێوەیەکی گشتی لە نێو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا،بەو هۆیەشەوە ژنان دوو جار دەبنە قوربانی، یەک وەک ئەوەی کە هەموو کات بەڕەگەزی دوومی کۆمەڵگا لە پێدانی ماف سەیر دەکرێن و هەلی کار کردن بۆیان سنورداره ، لە زۆربەی کارەکاندا لە وەرگرتنی مووچە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان مووچەی کەمتر وەردەگرن، دووەمیش وەک ئەوەی چینی ناوەند خۆی چینی بێبەش لە سەرەتاییترین مافەکانیەتی.

سالانە لە ئێراندا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە زانکۆکان لە بواری جیاوزدا دەردەچن، بەلام بەشی زۆریان لە ماڵەکانیان دەمێننەوە ڕێگەی دامەزرندنیان لە کەرتی حکومی وتایبەت پێ نادرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بە هۆی ڕێگە نەدانیان لە تەواو کردنی خوێندندا ناتوانن پلەی بەرزی خوێندەواریان هەبێت، بەلام ژنانێکی زۆریش هەیە کە توانیویانە ئاستێکی بەرز بەدەست بهێنن، بەلام یاسا دارێژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای جیاوازی نەکردن دارێژراوە، تا ئێستا ئەو مافەی بە ژنان نەداوە.

لە ئێراندا ژن هەیە کە خاوەن توانایەکی جەستەیی باش و خاوەن لێهاتووی و دەست ڕەنگینیەکی جوانە، کە دەتوانێت بەو پیشەیە بەشداریەکی باشی چالاکی ئابوری بکات و بتوانێت داهاتێک بۆ بنەماڵەکەی و لە هەمان کاتدا بۆ دەوڵەت بەدەست بهێنێ، بە مەرجێک بتوانرێت لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیری ماددی بکرێت و لە دروست کردنی پرۆژەی بچوکدا هاندەریان بن، بەلام دەوڵەت لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەشدا کە لە یەکێک لە ئەسڵەکانی دا ئاماژەی پێکردووە، کە ئیمکاناتی پێویست و ئاسانکاری دابین بکات کەمتەرخەم بووە.

ژنان لە ئێراندا جیا لە کەمی هەلی کار کردن بۆیان، بەشێکی زۆریشیان کە توانیویانە ئەو هەلە بەدەست بهێنن، بەلام لە کۆمەڵگاداو بە تایبەت لە دام و دەزگاکانی کارکردندا، تووشی دەستدرێژی و سووکایەتی پێ کردن لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەر دەبنەوەو، زۆر کات بۆ بەدەستهێنای زۆرێک لە مەرامەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن سوود لە ژنان ببینن.

لە ئاکامدا هەموو ئەوانە دەبنە هۆی دەرکەوتنی گەلێک شوێنەواری خراپی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەروونی لەسەر تاکی بێکار.

لە ڕووی ئابوریەوە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی داهاتی کەسەکان و خراپ بوونی ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵک و زیادبوونی ژمارەی بێکاران، کە کاریگەریە خراپەکەی تەنیا کار ناکاتە سەر بێکارەکە بەڵکوو کار دەکاتە سەر ئابوری وڵاتیش.

لە ڕووی کۆمەلایەتی و دەروونیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکی بێکار هەست بە دارمان و باوەڕ بە خۆ نەبوون و بکات و پابەندبوونی بۆ ژیان لاواز دەکات.

ئەو هەستکردن بە دارمان و بێزاریە دەبێتە هۆی لادانی ڕەوشتی تاکەکان لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا ، هەروەک بە پێی ئامارەکان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان ،یان پەنا بردنی ژنان بۆ هەندێ دیاردەی لەشفرۆشی و کاری نەشیاوی تر بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە ژیانی بدا.

هەروەها هەست کردن بە خۆ ون کردن کە دەبێتە هۆی دزی و تاوان و ئەوەش دڵە ڕاوکێ و نائارامی لە کۆمەڵگادا بە هۆی زیادبوونی تاوانەکان زیاد دەکات، کە لە کۆتاییدا کاریگەری خراپ لەسەر بارودخی ڕامیاری و ئابوری وڵات دروست دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جۆرەکانی توندوتیژی



موژگان عەلیپوور

توندوتیژی گەلێ جۆری هەیە، هەیە جەستەیی یە وەک لێدانو سوتانو کوشتنو بێبەشی کردن لە سەرووەتو سامانو میرات، هەیە دەروونی یە وەک: تێکدانی باری دەروونی، لێکردن، جنێوپێدان، سوکایەتی پێکردن، دوور خستنەوە، پەراوێز خستنی، هەرەشە لێکردنو دەیانی ترو تروتوندوتیژی سێکسی یە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان جۆرەکانی دەستنیشان بکەین:.

### ١- توندوتیژی جەستەیی:

لە سادەترین ودیارترین وشێوازەکانی توندوتیژیە. بەهەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان وەک لێدان، سوتان و کوشتن وئازاردانی جەستە بەهەموو جۆرێکیەوە لێدان بە دەست یان هەر ئامرازێکی تر کە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرامبەر کەسانی تر بە نیازی ئازاردان و زیان پێگەیاندن لەڕووی جەستەوە توندوتیژی جەستەییە. لەم جۆرە توندوتیژییەدا شوێنەوارەکەی بە تەواولەسەر جەستەی کەسەکە دیارە، ئەم جۆرەیان بە بڵاوترین و بەرفراوانترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت، کە تیایدا هێز بەکاردێت و بەهۆی بەکارهێنانی ئەو هێزەوە ئیرادەی بەرامبەر تیکدەشکێنرێت. کە ئەمە ترسناکترین جۆری توندوتیژییە کە لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. بەپێی ئامارەکان ١٥ بو ٢٥ ٪ی ژنان لە جیهان دا بەرەورووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە و ژنان لەبەر چەند هۆکارێک ناوێرن باسی لێوە بکەن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

### ٢- توندوتیژی ئابووری:

هۆکاری ئابووری ڕۆڵێکی دیاریکراوی گرنگ دەبینێ لە بڵاوبونەوەی دیاردەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، وەک هەمیشە زۆربەی هەرە زۆری سامان و داهاتەکان لەلایەن پیاوانەوە کۆنترۆڵکراون، ئەم دەستگرتنە بەسەر ئابووریەدا لەلایەن پیاوەوە زۆر جار ژنی ڕووبەڕووی توندوتیژی کردۆتەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و کوردستانیش، چونکە زۆرێک لە ژنانی ئەم کۆمەڵگەیە پشت بە داهاتی پیاوەکانیان دەبەستن بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان..

ئەو توندوتیژیانە ش پەیوەستە بە باری گوزەرانی خێزان یا مرۆڤەکانەوە، توندوتیژی ئابووری بەمانای نەبوونی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێت کە ژنان لە ڕووی ئابووریەوە جۆرەها شێوازی ستەم و توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت، لەوانە پێ نەدانی کاروجیاوازی کردن لە دامەزراندن.

یا ئەو ژنانەی کە لە فەرمانگەکان کار دەکەن هەر چەندە هاوشانن لەگەڵ پیاواندا، بەڵام مووچەیەکی کەمیان هەیە و زۆر جار لە لایەن بەرێوەبەر یاهاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یا دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە، یا لە ماڵەوە لە لایەن مێردەکانیان یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرین و لەمافی سروشتی خۆیان دوور دەخرێنەوە، یا دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی خێزان لەکاتی جیابونەوەدا لەلایەن پیاوان دەبێت..

### ٣- توندوتیژی دەروونی:

توندوتیژی دەروونی کارێکە زیان بە دەروون و کەرامەتی مرۆڤ بگەیەنێت، ئەم جۆرەیان بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە و شاراوەیە، بەلام شێوازێکی ترسناکە، کاریگەری لەلای دەووروبەر روون و ئاشکرا نیە، چونکە لە ناخەوە کاریگەری بۆماوەیەکی درێژخایەن دەمێنێ، مەترسیەکەی لەوەدایە کە لەوانەیە یاسا دانی پێدانەنێت، کاریگەری ئەبێت لەسەر بنیادی کەسایەتی ئەو مرۆڤە بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنی، زۆرجار ئەم دیاردەیە بە توندوتیژی عەقلی یا زارەکی ناو دەبرێت کە دەبنە خاوەن ئیرادەیەکی لاواز و کەسێکی داڕوخاو، کەسی قوربانی توشی خەمۆکی وچەندین نەخۆشی دەروونی تر ئەکات، کە کاریگەری لەسەر ژینگەی کۆمەلایەتی خێزان هەیە بە تایبەتی لەسەر پەروەردەی منداڵەکانی ئەو کەسەی ئەم جۆرە توندوتیژیەی بەرامبەر دەکرێ، سووکایەتی پێکردن و تانە و توانج و جنێودان و شەڕی دەروونی و بێبەش کردن لە سۆز و خۆشەویستی و بەکارهێنانی زمانی زبر و هەڕەشەیە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قوڵتر و مەترسیدارتری پێوەیە و کەسێک کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە بێت زیاتر گۆشە گیر و بێزار و خەمۆک و ڕاڕایە و ئەگەری خۆکوشتن وخۆ سوتانی لە ئارادایە.

**٤- توندوتیژی سێکسی:**

بریتییە لە دەست بردن بۆ کەسێکی تر یا دەستدرێژی سێکسی، کە خراپ ترین جۆریەتی. ئەگەر تەنها یەک جاریش ڕووی دابێت. تاوانبار ناسراو بێت واتە (هاوسەر، هاوڕێ یان هەر کەسێکی تری نزیک، یاخود نەناسراو بێت. ئەم دیاردەیەیش بە ئاستێکی فراوان لەناو خێزان و دامەزراوەکانی تردا بوونی هەیە، زۆرجار هەردوو شێوازی توندوتیژی دەروونی و جەستەیی تێدا بەکاردێت، چونکە بە هۆی بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە لە کاتی سێکسدا ئازاری دەروونی و جەستەیی لێدەکەوێتەوە لەکاتی نەبونی ویستی بەرامبەر بۆ ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ کەسی توندوتیژکاردا.

**٥- توندوتیژی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە توندوتیژیە کە لە نێو پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا ڕوو دەدات، شێوازێکی پەروەردەی جیاکارییە کەلە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا پیادە دەکرێت، هۆکارەکەی بۆ شێوازی سیستەمی خوێندنی بەرقەرار و فەلسەفەی پەروەردەی بەرکاری خوێندن دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی سێکتەری پەروەردە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندەی خۆی لە فێرکردندا ئەبینێتەوە گرنگی بە پەروەردە نادات، بەپێی ئەمەش مامۆستا ڕۆڵی ئەو باوکە دەبنێت کە لە چوارچێوەی خێزانەکاندا دەسەڵاتدارە و زاڵێتی و هێزی خۆی دەسەپێنێ و فەرمان دەرئەکات و ئەندامانی خێزان یا خوێندکارەکان دەبنە جێبەجێکەری ئەو فەرمانەی بەبێ هیچ گفتوگۆ و پرسیارێک ئەبێ جێبەجێ بکرێت.

**٦- توندوتیژی سیاسی:**

ئاڵۆزترین جۆری توندوتیژیە کە تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە چۆنیەتی پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە، بە شێوەیەک دەسەڵاتی تاک ڕەهەندی لە بیرکردنەوەدا دەسەڵاتی شەرعی بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر و گرووپە پەراوێزەکاندا سەرهەڵدەدات. ئەمەیش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە گروپی پەراوێز خراو هەست بە فەرامۆشکردن و حساب بۆ نەکردن بکات و هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەم بنەماکانی توندوتیژی لەخۆ دەگرێت و ئامرازێکە کە زۆرجار بەمەسەلەی ئابووریەوە مەزەندە دەکرێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژن وەکو مرۆڤێک لە پۆستە باڵاکان و بڕیارە چارەنوس سازەکان بێبەش دەکرێت، بەوەش ئازادی را دەربڕینی ژنان بەرتەسک ئەبێتەوە، ئەمانەش بەدیارترین شێوەکانی توندوتیژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سیاسی ناودەبرێت.

### ٧- توندوتیژی خێزانی:

یەکێکە لەجۆرەکانی توندوتیژیو دیارترینیانە لە دژی ژنان کە تێدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانووی پرو پوچ و دواکەوتوانە بەرەو رووی توندوتیژی دەبنەوە، دڵپیسی، رەزیلی، دوو هۆکاری سەرەکین و هەندێ جار نەزۆکیش دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توند وتیژی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان و تەمەڵی و کار نەکردنی پیاوان و تورەبوون و ناهۆشیاری پیاوانیش خۆی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی. کە تێیدا قوربانی یەکەم ژنانو منداڵانن. بەپێی هەندێ ئامار لەچەند وڵاتێکی جیاوازەوە (٢٠٪ بۆ ٥٠٪) ی ژنان دووچاری لێدان دەبنەوە پێش ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریی پێکبهێنن.

### ٨- توندوتیژی کۆمەڵایەتی:

زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی باوی کۆمەڵگە و لەکەدار کردنی شەرەف و ناموسی خێزان و هەڵسوکەوتی ناشیاو ژنان لە لایەن باوک و برا و مێرد و کەسوکاریانەوە رووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێ جار ژنان بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لە بەرکردن و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە، و جگە لەمانە خەتەنەکردنیش دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەوانەو چەندین شێوازی توندوتیژی تر کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێ وەک:

هاوسەرگیری بەزۆر
ژن بەژن وبە منداڵی بەشوودان
بەشوودان لەبری خوێن
لێکجوداکردنەوەی بەزۆر
بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی
مێرد ژنەکەی ناچار بە بەدڕەوشتی و داوێنپیسی بکات
خەتەنەکردنی مێینە

ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ وازهێنان لە وەزیفە
ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن
خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان
لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان
لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەک
سووکایەتی، جنێودان، بە کەم سەیرکردن و ئازاردان و گوشاری دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێیی کردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن وەک ژن



نووسینی: فازیل شەورۆ

بەڕاستی نووسەری میسریی بەناوبانگ، مستەفا لوتفی مەنفەلوتی، لەبارەی ڕۆڵی ژنەوە جوانی گوتووە کە دەڵێ: « ژیان خۆشی و ناخۆشییە، خۆشییەکانمان لە ژنەوە دەست دەکەوێت و ناخۆشییەکانیش ، هەر نەبێ لە نێو دڵماندا، بە هێز و ورە و سۆزی ژن دەرەوێندرێنەوە و دەبنە خۆشی».

چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی ژن، لە بەرە بەیانی دروستبوونیەوە، نادادپەروەری و نایەکسانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیمان، بەرانبەر ئەوان، نیشان دەدا ، جا سەیرەکە لەوە دایە زوڵمەکە تاک لایەنە نییە، زوڵمێک نییە پاشایەک یان ئاغایەک یان شێخێکی تەسبیح لە مل، دژی ژنان کردبێتی، بەڵکو ئەو زوڵمە بە شێوەیێکی زۆر ئاقڵانە و بە بەرنامە ڕێژی و سیستماتیک ئامادەکاری بۆ کراوە و ڕۆحی پیرۆزیی پێبەخشراوە، جا نەک هەر مێینەکان بەڵکو نێرینەکانیش دەبێ پابەندی یاساکانی بن و بە تۆسقاڵ لێی دەرنەچن و سەر پێچی نەکەن. « ئەگەر دەقە ئایینییە هەرە کۆنەکان بەسەر بکرینەوە ( کە تاکە سەرچاوەی نووسراوی بەردەستن) دەبینین: لە تەوراتدا ژن بەستراوەتەوە بە پیاو و تا پلەی کۆیلەیەتیی دابەزێندراوە، لە لادانی کۆمەڵایەتی و هاوسەریدا مافی کوشتنی بە پیاو دراوە و لە میراتیشدا هەر نیوەی پشکی پیاوی بەردەکەوێ. لە ئینجیلدا، پیاو بە سەروەری ژن داندراوە، ڕەزامەندی خودا بۆ ژن ڕەزامەندی مێردەکەیەتی و بۆی نییە تا مردن لێی جیا بێتەوە. لە ئیسلامدا ـ هەرچەندە هێندی مافی پێ دراوە کە لە دوو دینەکەی تردا نین ـ بە ناقس ئەقل و نەزان داندراوە و چارەنووسی لە دەست پیاو دایە و لە ڕووی مافی خاوەندارێتیەوە، نیوەی میراتی پیاوەکەی بەردەکەوێ و لە سەرپێچیکردنیدا ژن دەکوژرێ و سەنگەسار دەکرێ. لە ئایینی هیندۆزیشدا ئەوا پلەکەی هێندە نزمە لە گەڵ مێردە مردووەکەیدا، بە زیندووی چاوان، دەسووتێندرا.»

وەک گوتمان، زوڵمەکەی سەر ژن، هەمە لایەنەیە، تەنانەت بیرمەند و فەیلەسوف و دانا و حەکیمەکانیش تێڕوانینەکانیان، زۆر جار، بەرانبەر ژن خراپ و ناپەسند بووە، ئەوەتا « فریدریک نیشتە، دەڵێ :» ئەگەر چووی بۆ لای ئافرەت قامچییەک لە گەڵ خۆت بەرە.» فیتاغۆرس دەڵێ:» پرنسیپی خێر لە سیستم و نووری پیاوەوە سەر هەڵدەدات، پرنسیپی شەڕ و ئاشووب، لە ئافرەت و تارکییەوە پەیدا دەبێ.»

ئەگەر بادەینەوە لای کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان، دەبینین مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزتر و دژوارترە، ئەمیش لە ئاکامی زۆری تێکەڵاو بوون و ئاوێتە بوون و توانەوەی بیروبۆچوون و پەیامە ئایینە جیاوازەکانی ئەو دەڤەری کە ئەوی تێدا ژیاوە و پەروەردە کراوە، ( سەروەر قادر)، بەم شێوەیە ئەم خاڵەمان بۆ چڕ دەکاتەوە و دەڵێ :» کوردستان دەکەوێتە چەقی پێکگەیشتنی چوار مەڵبەندی کولتووری : دۆڵی ڕافیدەین و ئێران و عوسمانی و هیندستان، کە لە ڕۆژهەڵاتییەوە بوون . جا ئێمەی موسوڵمان ، هێندێ کەلتووری عەرەبمان لە ڕێی دینەوە بۆ هاتووە. چونکە بۆخۆشمان لە تیرەی هیندی ـ ئێرانین، بەشێک لە کەلتووری ئەوانیشمان هەڵگرتووە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە پێنج سەد ساڵی حوکمڕانیدا، فەرهەنگی ئاسیای ناوە ڕاست و ئێران و هیند و ڕۆمی بۆ هێناین .»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو بار قورسییە و قەمچی و تۆبز و کۆت و زنجیرەی کە دەسەڵاتی پیاوسالاری ، بۆ ملکەچکردن و کۆیلەکردنی ژنی کورد بەکاری هێنا، ژنی کورد توانیویەتی کەسێتی خۆی بپارێزی و زۆرجارانیش سەرکەوتووانە ، بوونی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. هەر بۆ نموونە، سەرەڕای ئەو هەموو توندو تیژییە هەمە چەشنەی پیادەکەرانی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، نواندییان، نەیانتوانی ژنی کورد لە هیچ گوند و لادێیەکی کوردستاندا، ناچار بکەن پەچە و عەبا و چارشێو بپۆشێ. لە هەموو گوندەکانی کوردستاندا ، ژنان هەر ئەو جلوبەرگەیان پۆشیوە کە لە سەردەمی زەردەشتییەکانەوە پۆشراوە ، کە ڕووبەند و شاردنەوەی ڕوخساری تێدا نەبووە. دووەم، لە هەموو سەردەمەکاندا، ژنی کورد هاتۆتە نێو کایە و مەیدانەکانی کار و کاسبی و شان بە شانی پیاو لە بازاڕدا ئیش و کاری کردووە و بە هیچ شێوەیەکیش عەباپۆش و چارشێو بەسەر نەبووە.

ژنی کوردەواری بە ڕەوەند و لادێنشین و شارنشینەوە، هەمیشە ئەگەر ئەرک و کارەکانی لە هی پیاو قورستر و زیاتر نەبوو بێت سووکتر و کەمتر نەبووە. وەک ژنە ڕەوەند و گوندنشین، جگە لە ئەرک و مەشەقەتی دایکایەتی کە زۆربەیان کۆزێک منداڵیان بە ملەوە بووە، ئەوا ڕۆژانە کابان و میوانبەڕێکەر و نانکەر و جلشۆر و گەسکدەر و ئاوهێن و بێریڤان و ڕەزەوان و جۆتیار و سەپان و دارکەر و کۆڵکیش بوون. ئیش و کاری وەرزی ساڵیش وەک مەربڕینەوە و مشتاغکردن و دەستەبەر کردنی زەخیرەی زستان لە ساوار و دانۆک و دۆشاوی تەماتە و مێوژ و سرکە و دۆشاو و قاورمە ، ئەوە جگە لە چنینی بەرە و جاجم و لیفکە و گۆرەوی و تەشی ڕستن و جۆنی کوتان و ئازووقە هاڕین بە دەستاڕ و باراش ئامادەکردن ......تاد. جا لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی باشووردا، ئەرک و مەشەقەتی ژن چەندبار قورستر بوو : ناندان و خزمەتکردنی پێشمەرگە و شاردنەوەی منداڵ لە کاتی هێرشی فڕۆکە و تۆپباراندا و زاق و زیقەتی گەمارۆی ئابووریی سەر گوندەکان و کارەساتەکانی لەدەستدانی باوک و برا و هاوسەرەکانیان لە بەرەکانی شەڕدا... ئەمانە چەند نموونەیەکی سەرپێیین بۆ نمایشکردنی بارگرانی ژیانی ژنی لادێ و کوردەواریی بێ بەشکراو لە خوێندن و فێر بوون و دکتۆر و داو و دەرمان و خۆراکی باش و جلوبەرگی گەرم و گوڕ و سەیران و گەڕان .

شێوازی ئەرک و بارگرانیی ژنانی شار، جیاواز بووە لەگەڵ گوندنشینان، ناڵێین وەکو هی ئەوان گران و زەحمەت بووە ، بەڵام ئەوانیش، جاران ، کۆڵی سەر شانیان سووک نەبووە: هەر خێزانەی کۆڵە منداڵێکی هەبووە جگە لە مشورگێڕان و کەیبانووی ماڵ و جێبەجێ کردنی کاروباری ڕۆژانە لە نانکردن و جلشۆردن و ئاو هێنان و ....... ئەوا دەبوایە لە ماڵەوە هاریکاریی مێرد و براکانیان بکەن بە گوێرەی پیشەکەیان: ژنە کەبابچی دەبوایە سماق بکوتێ و ژنە توتنچی توتن چاک بکات و قامتە جگەرە تێکا و ژنە لێفدروو پەمۆ چاک کات و ژنە ڕەزەوان ڕەزداری بکات و ژنە پینەدۆز دەزوو و کشتەک برێسێت و ژنە تەونکەر ڕایەڵە و کاری خەرەککردن بکات و ژنە ترشیاتفرۆش زۆربەی کارەکان لە ماڵەوە ئەنجام بدات......تاد. ئەوانیش زەبری ئازار و ئەشکەنجەی شۆڕشیان زۆر نۆشی : زۆریان دەبوایە بە نەبوونی و نەداری سەفەری سەردانی هاوسەر و براکانیان بکەن لە گرتووخانەکانی بەغدا و موسل و کەرکوک و هەولێر . یان دەبوایە پریاسکە بپێچنەوە و بۆ سەردانی کەس و کاریان کە لە شاخ و دەشت ودەر بوون، گوند و ئەشکەوتە دوورەکان بکوتنەوە. ئەوا جگە لەوەی هێندێکیان هەر خۆیان خەباتگێر و چالاکوانی شۆڕش بوون لە شارەکاندا و هەبووە لە تەک هاوسەر و براکانی لە چیادا، چەک لەشان بووە و ژمارەیێکیشیان زیندانی نێو گرتوخانەکانی ڕژێمەکانی بەغدا و تاران و ئەنکەرە و دیمەشق



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بوون و ئەوانەی دوورخرانەوە و نەفیکراون بۆ شارە دورە دەستەکان ژمارەیان کەم نەبوو.

بەبێ دەمارگیریی نەتەوایەتی، دەڵێم: ژن لە کوردەواریدا هەمیشە :

- شە ر ە فمە ند ا نە ، شانبەشانی پیاو ئەرک و ئیش و کاری گوزەرانی ژیانی بەڕێوە بردووە.
- خاوەن کەسێتیی خۆی بووە و ئەو پەڕی ڕێزی لێ گیراوە و جوامێرانە و جەسوورانە خزمەتی خاک و نەتەوەی کردووە ). ژنکوشتن و بە کۆیلەکردنی، نەریتێکی هاوردەی بیروباوەڕێکی سەپێنراوی بەدەر لە ڕەوشتی کوردەوارییە و ڕەگ وڕیشەی لە مێژینەی نییە، بە فرمان و دەستی پیاو، لە پیناوی پیاو سالاریدا ، جێبەجێ کراوە.) ڕیزبەندیی ناوی ئەو شۆڕەژنانەی لە مێژووی نزیکی کوردا، ڕۆڵی بەرچاویان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە ، کورت نییە، لە شەڕەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسیدا سێ ژنی کورد ناویان هاتووە: ئیڤیا جەلەبی و حەلیمەخانی هەکاریی و بەدریەخان، لە بەڵگەنامەکانیشدا ناوی زومرەدە خاتوونی خوشکی سەلاحەددینی ئەیوبی و شەهیدە دەینەوەری عەباسی و قەدەم خێری فەیلی و خانزادی سۆران و عادیلەخانی وەسمان پاشی دایکی هەردوو شاعیر تایەر بەگ و ئەحمەد موختار و مەستوورەخانی ئەردەلانی و خاتوو شانازی ئەردەلانی و عائیشە تەیمور و مەلیکە هوادادا و حەپسەخانی نەقیب و خاتوو نەغەدەی کۆماری مەهاباد ـ کە هەردوو چاویان هەڵکۆڵی ـ نەجیبە خانی جەلیزادە و لەیلا قاسم و عەیشە گوروکە و زەوەی زاهیری کەریمی گۆدە و عەیشێ عەباسی و خۆشکە فریشتە و لەیلا زانا و حەزینە کۆیی.....تاد.

جێگەی سەربەزیی نەتەوی کوردە کە ڕیزبەندی ناوی ژنانی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هێندە درێژە کە بە قەت نەتەوێکی ژمارە زۆر، شەهید و قوربانی داوە. هەر بۆ نموونە: شەهید عەزیمەی عوسمانی و شەهید فاتمەی دلاوەری و شەهید پەروین ڕۆحی و شەهید تەرێز رشەحمانی ناسراو بە (چنور)..... تاد. ناوە شەهیدەکان هەمیشە ئاوزێر لە لاپەرەکانی مێژووەکەماندا تا هەتایە ئەدرەوشێنەوە. درود لە گیانی شەهیدانی کورد.....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بیرەوەری ڕۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک

ئامادەکردنی: نەسرین یوسفزادە

چیرۆکی ئەو جارەمان چیرۆکی ژیانی ژنێکە کە نزیک بە چوار دەیەی لە ژیانی لە نێو ڕیزەکانی پرسەروەری حیزب دا بە سەری بردوە و شانازی ئەوەی پێ بەخشراوە کە هەم هاوژیانی پێشمەرگەیەکی ئازا و بەوروەو دڵسۆز بێت و هەم ڕۆڵە شیرینەکەی لەو ڕێگایە دا بەخت کات و شانازی دایکی شەهیدی پێ ببخشرێت.

دایە خەیاڵی خۆشەویست و ڕوح سووک و جوان و لەبەردڵان ساڵیانی ساڵ دایکی دەیان پێشمەرگە بۆت کە بۆ خەبات دژی داگیرکەر زێد و نیشتمان و دایکی خۆیان بەجێهێشت و ئاوارەی شاخ بوون.

من بۆ ئەوجارە بڕیارم دا کە داوا لە ئەو خاتوونە دڵسۆز و فیداکارە بکەم کە ڕۆژێک لە ژیانیم بۆ بگێڕێتەوە تا منیش لە سەر ئیزنی خۆی بە شێوەی چیرۆکێک پێشکەش بە خۆشەویستانی خوێنەری گۆڤاری ژنان «ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک»ی بکەم.

من نازانم بۆ کاتێک داوا لە مرۆڤ دەکردرێ کە بیرەوەرییەک بگێڕێتەوە هەر زۆر زوو ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی وەبیر دێتەوە.

دایە خەیاڵ ئاوا باسی ڕۆژێک لە ژیانی خۆی بۆ کردم:

نزیک بە ٣٨ ساڵ لەوە پێش بوو ئەو کات ٤ منداڵم بوو ٢ کووڕ و ٢ کچ کوڕەگەورەکەم کە ساڵێنێک دوایە بە دەستی خوێنمژانی کۆماری سێدارەو زیدان شەهید کرا ئەو کات تەنیا ٨ ساڵێ بوو و ئەو شەوە لە ماڵ نەبوو.

کچەکانم هەر یەکە و ٦ تا ٤ ساڵان بوو کوڕە چکۆلەکەشم لە لانکەدا بوو، ماڵمان ئەو کات بەردەوام بنکە و بارەگای حیزب بوو و هەموو کات ئەندامانی دەفتەری سیاسی لە ماڵمان بوون هەم مێردەکەم و هەم براکەی هەر دووکیان پێشمەرگە بوون، هەر دووک براکە بە یەکەوە لە ماڵێک دا دەژیان.

ئەو شەوە شەهیدی مەزن کاک دوکتور قاسملوو و نزیک بە شاندێکی ٣٠ کەسی پێشمەرگەو کادری حیزب و مام جەلال خۆی و نزیک بە ٣٠ کەس کادر و پێشمەرگەی یەکییەتی نیشتمانی بۆ دانیشتن و باسێکی تایبەت لە ماڵی ئێمە کۆ ببونەوە.

لەگەڵ ژنی هێوەرەکەم (شووبرا) لە مەتبەخ خەریک بووین و خواردنمان بۆ ئامادە کردن. زۆرم پێخۆش بوو کە بزانم دەڵێن چی و باسی چی دەکەن هەر بۆیە هەمموو جارێ دەچوومە پشت درگای دیوەوخان و گوێم ڕادەگرت تا بزانم چی دەگوترێ باش لە بیرمە باسەکە لەسەر یەکگرتنی کورد بە تایبەر پارتی و یەکییەتی بوو کە شەهید دوکتوور قاسملوو ئیسراری بوو کە دەبێ یەکبگرن و مام جەلالیش بە دژی ئەو بوو.

ئەو شەوە کۆبوونەوەکە تا نزیک بانگی بەیانی خایاند ئێمەش بەردەوام خەریکی پەزیرایی بووین. پێش هەڵهاتنی کازیوەی بەیانی هەموو میوانەکان هەستان و ماڵ ئاواییان کرد و ئێمەش چووین بە خەیاڵی ئاسوودەوە خەوتین یەستا تازە دوو سێ سەعات دەبوو کە خەوم لێ کەوتبوو کە لە پڕ بە دەنگێک وەخەبەر هاتم. دەنگی تەیارە کە دروست لەسەر ماڵی ئێمە دەسوڕاوە جا تۆ بڵێ کەسێک ڕاپۆرتی شاوی ڕابردووی لێ دابووین.

زۆر زوو لە جێگاکەم هاتمە دەرێ و منداڵەکانم لە خەو هەستاند و هەرای هێوەرژنەکەم کرد ئەویش وەک من بەو دەنگە وە ئاگا هاتبوو مێردەکەم و هێوەرەکەم هیچیان لە ژوورێ نەبوون یەکەم تۆپ کە لێی دا لە سەر سەربانی دا لایەکی دیوەکە هاتە خوارێ من و هێوەرژنەکەم و منداڵەکانمان هەموو لەوێ دابووین تەپ و تۆزو دوکەڵێک هەستا چاو چاوی نەدەدی بەڵام بە خۆشییەوە کەس هیچی لێ نەهاتبوو لە گەڵ ئەوەش دا هەم بۆخۆمان و هەم منداڵەکانمان زۆر ترسابووین.

باش لە بیرمە کە مێردەکەم لە پشت دیوارەکەوە با نائومێدی گوتی: پێم وانیە هیچیان مابێتن. من کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوم بیست هەرام کرد و گوتم نانا ماوین و کەس هیچی لێ نەهاتوە بە لابردنی خاک و خۆڵەکە توانیمان لەو دیوە لاڕووخاوە بێنە دەرێ و خۆمان دەرباز کەین کە لە پردا تەیارەکە دەورێکی دیکەی لێداوەو ئەو جارە بەسەر تەویلەکەی ادا و بە داخەوە مانگایەکی بریندار کرد. مێردەکەم گوتی بێێن تا منداڵ نەبۆتەوەو سەری ببڕین بیکەین بە خێر بەلاگێڕی ماڵ و منداڵەکەمان بێت.



من لەو ڕۆژە زیاتر لەو دییەو لەو ماڵە نەمام و بە خۆم و منداڵەکانمەوە بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەرەو ئازادی وەڕێ کەوتین ئەوێمان بەجێ هێشت و تا یەستاش چاوەڕوانم بگەم بە ئاواتم و ڕۆژێک سەر بەخۆیی و یەکگرتوویی کورد ببینم و هەر لەو ڕێگایە دا لەتکێک لە جەرگم دانا بەڵام بۆ تاقە ساتێکیش لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازە پەشیمان نیم و هەمیشە هەست بە شانازی و بەختەوەری دەکەم. وەک ئەوەی ئەو شەوە لە ڕێبەری خۆشەویستم بیست و وەعدەی دەدا کە ڕۆژێک کورد یەک دەگرێت و دوژمن ئیتر ناتوانی زەفەری پێ ببات.



# پێویستیی بەشداری ژنان لە سیاسەت

**ئامادەکردنی: موژگان عەلیپوور**

لەڕۆژهەلاتدا هەرچۆنێک قسە لەگەڵ هەر کەسێکدا بکەیت و بکەویتە گفتوگۆ لەگەڵیدا یەکسەر وەکو سیاسەتمەدارێکی شارەزا دێتە سەر باسی سیاسەت، ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر ئەوە نیە کەسەکان چەندە لەناو سیاسەتدا کاردەکەن، دەبێ سەرنجی ئەو ڕاستیە بدەین چەندە بەشداری ڕاستەقینەی لەسیاسەتدا پێکراوە، چونکە بەشداری سیاسەت یان ئەدای سیاسی دوو چەمکی لەیەک نزیک لەهەمان کاتدا دوو چەمکی لێک جیاوازن، نزیکیان لەیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژن لەبواری سیاسەت و گرنگی بەشداری لە بواری سیاسەتدا، جیاوازیشیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە تەنیا گرنگ نیە ژن لەسیاسەتدا هەبێت وەک ئەوەی دەبێت بە توانای خۆی بەشداری بکات، بەڵکو گرنگی لەچۆنێتی توانای ژن دا ڕۆڵ دەبینێت وەک چۆنێتی کارکردن و بەجێهێنانی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی متمانە لەناو کایەی سیاسی و لە پێگەی حیزبی و حکومی و پەرلەمانیدا، دەبێ ئامادەیی ژن لەبواری سیاسەت دا دەکەوێتە سەر توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی ژن لەڕووی چۆنایەتی نەک لەڕووی چەندایەتی یەوە،

دەبێ ژنان لەوە تێبگەن هەرچەندە هەوڵ بدرێت و زەمینەسازی بۆ بەشداری سیاسی ژن بکرێت، ئەوە گرنگ نیە ژن چەندە دەچنە ناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کایەی سیاسیەوە، بەڵکو دەبێ هەوڵی سەرەکی ئەوە بێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەدایەکی سیاسی سەرکەوتوو بەتوانا بێت بۆ بەدیهێنانی سیاسەتێکی گونجاو کە ببێتە جێگای متمانەی تەواوی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی.

هوشیاری و رووناکبیری دەرهاویشتەیەکی بەهێزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مەزنە، بەڵام بەهاو بیروباوەڕ و ئاراستە کردنەکانیش لە رێگای کرداری سەرکردە سیاسیەکانەوە گەڵاڵە دەبن، هەر لە کاروباری دارێژراوەوە تا ئەو بیروباوەڕ و رێنماییانەی بڕوایان پێی هەیە، بەڵام تا چ ئەندازەیەک سەرکردە گەورەکان بەشداری لە پێکهێنانی رووناکبیری سیاسی نیشتمانیدا دەکەن، یاخود تا چ ئەندازەیەک دەبنە هۆکاری رەنگدانەوەیان، زەحمەتە نکوڵی لە رۆڵی سەرکردە گەورەکان بکرێت.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین ئەو کەس و لایەنانە کێن کار لەسەر پرسی ژن دەکەن، چۆن و بەچ شێوەیەک بەرپرسیارێتی کار لەسەر پرسی ژن دەگرنە ئەستۆی خۆیان، بەچ شێوەیەک دەتوانن گەشە بەکاری ژنان بدەن و ئەو لایەنە گرنگانە چین مەبەستیانە کاریان لەسەر بکەن، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت لە کۆمەڵگای کوردیدا تێکەڵاوی و ئاڵۆزیەک لە مامەڵەکردن لەکاری ژن دا هەیە، ئەم پرسە گرنگە زیاتر بۆ ململانێی سیاسی بەکاردەهێنرێ نەک گەشەکردنی رەوشی ژنان و پاراستنی مافی ژنان، تائێستا پرسی ژنان نەگەیشتوتە ئەو ئاستەی وەکو پرسێکی مرۆیی و گشتی کاری لەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر کاریشیان لەسەر ئەم پرسە کردبێت لەچوارچێوەیەکی تەسک و لە روانگەی سیاسەتی خۆیانەوە بووە کردووە، چونکە پێگەدان و ماف و پاداشت کردنی ژنان پێویستە لەسەر توانا و شارەزایی و لێهاتوویی بێت ، پرسی ژن خۆی پرسێکی کۆمەڵایەتیە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر پرسەکانی ژن لە رووی کۆمەڵایەتیەوە.



دەبێ ژن لە هەوڵەکانیدا سەربەست و ئازاد بێت، هەتا ژن ئازاد نەبێت کۆمەڵگا ئازاد نابێت، بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئاستە دەبێت ژنان لەپاشکۆی حزب بێنە دەرەوە، هەوڵ بدەن بەتوانای خۆیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی لێیان زەوت کراوە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم ژن بەشداری سیاسەت نەکات، چونکە بەشداری لەکایەی سیاسیدا هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی رەوشی کاری ژنان، ئەگەر ژن لە دەرەوەی سیاسەت بێت لەدنیا بێ ئاگا و لەڕووداوەکان بێ زانیاری دەبێت، ئیتر نەدۆخی ژنان گەشە دەکا و نە کۆمەڵگاش پێش دەکەوێت. بەڵام ئەو ژنانەی دێنە ناو پێگەی سیاسیەوە پێویستە رەچاوی توانا و لێهاتوویی ئەو ژنانە بکرێت، لەبواری کارکردن و کێشەی ژنان کاریگەری باشیان هەبووە و توانیویانە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە خزمەت بەکێشەکەیان بکە ئەمە هیچ کاریگەری لەسەر هیچ هێزێک ناتوانێت لەجیاتی ژنان پێشکەوتنی پرسی ژن وە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەوە پەیوەستە بەژن خۆیەوە، پێویستە بەشداری ڕاستەقینەی پێ بکرێت لەبریارە چارەنوسازەکاندا.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکەکانی ژیان لە رۆژهەڵاتەوە

• من س.ک تەمەن ١٨ساڵ خەڵکی شاری بۆکانم. ماوەیەک لەمەو پێش دەرچووم بۆ زانکۆ،ناوم لە لیستی قەبووڵی زانکۆی ورمێ دا هاتەوە.زۆر دڵخۆش بووم ئەوە سەمەرەی هەموو هەوڵ و زەحمەتەکانم بوو کە کێشابووم زۆر شەو تا بەربەیان دەرسم دەخوێندوزۆرێک لە شایی و میوانیم ...پشت گوێ خست تاکوو لەو قۆناغە تێپەربم وهەرواشی لێ هات بە دەرسەدی باش بۆ زانکۆ،وەرگیرام.تەواو کردنی زانکۆ و سەربەخۆیی ئابووری لام زۆر گرینگ بوو.هەمیشە ئاواتم ئەوە بوو بتوانم لەسەر پێی خۆم راوەستم. دەستم لە گیرفانی خۆم دابێت.کە باوکم هەواڵی وەرگیرانی منی لە زانکۆ بیست هیچ خۆشحاڵ نەبوو وگوتی کچم هیوام دەخواست کە دەرنەچووبای وتاکوو من ناچار نەبام دڵی تۆ بشکێنم.ئەوەی راست بێت من ناهێڵێم تۆ بچی لە ورمێ بمینیەوەو درێژە بە خوێندن بدەی.زۆر پەشۆکام باوەرِم نەدەکرد شتی وام بیستووە بە بێ ئەوەی رای من وەرگرێ یا لای گرینگ بێت بۆخۆی بریاری وای دا.قورِگم توند بوو، گریانم بە زۆر راگرتبوو گوتم بابە شۆخیم لەگەڵ دەکەی؟!یانی تونازانی من چەندم هەوڵ داوە تا بە ئێستا بگەم، یا بروات بە من نیە؟!وەڵامی دایەوە نەخێر کچم وابیرمەکەوە باوەرِم پێتەو هەمیشە شانازیم کردووە کە کچی وەک تۆم هەیە،بەڵام کچی شیرینم تۆ خۆت لە من باشتر دەزانی کە ئێستاکە لە زانکۆکانی ئێران چی روودەدات.رۆژنیە هەواڵی مردنی گۆماناوی کچان و گیرۆدە بوون بە ئەنواعی مادەی سرکەروحەب و...نەبیستین س.گیان من چۆن دەتوانم بە دەستی خۆم تۆ بخەمە ناو ئاگرەوە.رووم لە دایکم کرد، دایە گیان تۆ شتێک بلێ ئاخە گوناحی من چیە کە لە وەها کۆمەڵگایەک دادەژیم من دەتوانم وەک ئەوان نەبم زیاتر ئاگام لە خۆم دەبێت.دایکە گیان تکات لێ دەکەم تۆ دەزانی من چەندم ئاوات و ئارەزو بۆ داهاتووم هەیە. لانەی ئاواتەکانم مە سوتێنن. دایکم گوتی،رۆڵە گیان بمبورە منیش لەگەڵ باوکت هاورام.من باوە رِم بە تۆ هەیە بەڵام بە شوێن ومەکان نا ،من نازانم چ کەسەکانێک لە دەورەبەرت دەبن ناتوانم دانیشم وچاوەرێ بیستنی مردنت یا گیرۆدە بوونت بە موادی مخدر بم.ناتوانم بە و وەزعیەتی ئێستا لە خۆمت دورخەمەوە.هەرکارێکی دیکە کە لە ژینگەی ژیانی خۆمان بێت ، ،بیکەی من پشتیوانیت دەکەم بەڵام زانکۆ مەچۆ.خوێندن و زانکۆیان بۆ من کردە هێڵی سوور رەنگە ئەگەر کوربایەم توانیبام روبەرووی ئەو بریارە بایەمەوەو زۆر بە ئاسانی وەدوای ئاواتەکانم کەوتبام .بەداخەوە لە وڵاتێک دەژیم کە بەتەنیا ژیانی ژن ئاستەمە. من ماومەتەوەو کتێبی ١١ساڵی خوێندن. هە مووی لای خۆم ماوم وەک چاوم پاراستوومن.رەنگە زەربەیەکی ئەوەندە گەورە بێت کە ئێتر نەتوانم جارێکی تر بەرەو پیری هیواکانم بچم.تەنها شتێکی بۆم ماوە چەند وێنەی دەورانی ئیبتدایی لە بەردەم مەدرەسە وەحدەت لەگەڵ هاورێکانم گرتومە بە دیواری ژوورەکەمەوە بەردەوام سەیریان دەکەم.نازانم گوناحی من چیە کە لە کۆمەڵگایەکی وەها دا دەژیم بۆ دەبێت دەرفەتی خوێندن و پێگەیشتنم لێ بستێندرێتەوە چون لە ئێران دەژیم،پێم خۆشە لە کۆتایی دا باسی هێندێک شت بکەم کە خۆم دیتوومن و رەنگە هەر ئەوانە هۆکاری پێش گرتنی من لە خوێندن بوون.بەداخەوە ئێستا مەدرەسەکانی ئێران وایان لێ هاتووە ئەوەی تێدا گرینگی پێ نەدرێت،خوێندن وفێربوونە.بناغەی پەروەردە زۆر زەعیف بووە و زۆربەی مامۆستاکان تەنیا چاوەرێی گوزەرانی کات دەکەن و بەلایانەوە گرینگ نیە کە قوتابی چۆن هەڵسووکەوت دەکا تا چەندە فێر بووە یا چ کێشەیەکی هەیە.لە قوتابخانەکان بە ئاسانی حەبی ترامادۆڵ و.....دەست دەکەوێت. بەتایبەتی کاتی ئیمتحانات.دیارە لە زانکۆکان بە رادەیەکی زۆر بەربڵاوترە بەداخەوە من نەمتوانیوە بچم وباش ئاگاداری نیم.خۆشحاڵم لە رێی گۆفاری ژنانەوە توانیم گۆشەیەک لە کێشەکانی کوردستانم باس بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەکوێی کۆمەڵی کوردەواری ژن لە پێش پیاوە وەیە ؟



دیدەوان یەعقوب

هەموومان لەسەر ئەوە کۆک و ڕێکین کە چ لەبردوووداو چ لە ئێستادا لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژن لە هیچ مەودایەکدا لە پێش پیاوەوەنیە ، واتا بەگشتی هەرگیز ڕەگەزی مێینە لەپێش نێرینە نیە و نەک ژن لەپێشەوەی پیاو نیە ، بەڵکو هاوشانیشی نیە . (لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە کە ژن لەرووی کارو فەرمان و چالاکی و ئازایەتی و کۆمەلایەتی بەرهەم هێنان و بیرو داهێنان و پەروەردەو ناو ماڵ و دەرەوە و تەنانەت شەڕی خۆپارێزی و گوند پارێزی و هۆبە پارێزی و وڵات پارێزی هاو شانی پیاو نەبووبێ ، چونکە ئەوە نکۆڵی لێنەکراوە کە ژن لەو مەیدانانەدا نەک هاو شانی پیاوبووە ، بەڵکو لە هەندێ کاردا ئەرکی گرانیتریشبووە لەپیاو بەڵام ).

ئەوەی مەبەستی بابەتەکەی ئێمەیە کە لەو پرسیارەوە سەرچاوەی گرتووە کەدەڵێین لەکوێی کۆمەڵی کوردەواریدا ژن لەپێش پیاوەوەیە ؟ ، کەواتا بۆچی بەو ناو نیشانە دەستمان بەو بابەتەکردووە گەر شتێک شک نەبەین کە وڵامی پرسیارەکە بدەینەوە کە لە مەودایەکی کوردەواری و کوردیدا ژن لەپێش پیاوەوەیە یان مێینە لەپێش نێرینەوەیە .

لێرەدا دێمە سەر ئەو بوارەی کە ژن لەپێش پیاوەوەیە ، بەڵام ئەوە بوارەی کرداری و کارو بڕیار نیە ، بەڵکو بواری دەر بڕینی زارە ، واتا لەناو هێنانی مێ و نێردا لەزمانی کوردیدا هەمیشە مێ لەپێش نێرەوە ناوی هاتووە و ئەوەش وایکردووە لە نووسینیشدا هەرهەمان شتبێ و ناوی مێینە بکەوێتە پێش ناوی نێرینە.

لێرەدا دێینە سەر ئەونموونانەی کە دەیسەلمێنن کە ناوی ژن لە پێش ناوی پیاوەیەوەیە ، کە دەکرێ ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێینینەوە کە ئەگەرچی لەکۆمەڵی کوردەواریدا هەمیشە پیاو زاڵبووە بەسەرژن و ژن چەوساوەی دەستی پیاوبووە و هەموو بڕیارێک لەدەست پیاوبووە و هەمووپارەو داهاتێک لەدەست پیاوبووەو هەر ژن بەدەستی پیاو کوژراوە ڕفێنراوەو گەورە بەبچووک و ژن بەژن و سێ بەگا و چوار بەگا و بەدەل خوێن و فرەژنی پێکراوە و لەزۆر مافی شەرعی و کۆمەلایەتی و خێزانی و جەستەیش بێبەشکراوە ، بەڵام وەک ڕێزێک لە دووناوی مێ و نێردا هەمیشە کورد ناوی مێی پێشخستووە وەک لێرە دەیان خەینەڕوو .

*دایک و باوک
*داپیرە باپیر
*ژن و مێرد
*ژن و پیاو
*خوشک و برا
*بووک و زاوا
کچ و کوڕ*
*کیژ و لاو
*خەسووو خەزوور
*دۆتمام و پسمام

لەو جوتە ناو هێنانە هاوشانەنەدا تێدەگەین وەک ڕێزێک ناوی مێینە لە پێش ناوی نێرینەوەدێ ،واتا هەرچەندە دەسەلاتی باوک بەسەردایک زاڵەو هی برا بەسەرخوشک و بڕیاری زاوا بەسەربووک و برا پتر لەخوشک دەستی دەڕوا و کور دەسەلاتدارترە لەکچ ...هتد ، بەڵام لەناو هێنان دایک پێش باوکەوخوشک لەپێش براوەیەو بووک پێش زاواو کچ پێش کور دێ ئەمەش ئەو مەودایەیە کە ژن لەپێش پیاودایە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گۆشەیەک لە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات

ئامادەکردن: موژگان عەلیپور

بۆ ژنانی ئێران چالاکی سیاسی، هێمای زیاتر لە سی دەیەیە خەبات لەگەڵ ڕژیمی دژە ژن و ، کەبەپێشێلکردنی مافەکانی ژنان، بنەماکانی دەسەڵاتی بەهێزکردوە و لەیەکەمین ڕۆژەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی، بەهێرشکردنە سەر مافەکانی ژنان و پەسەندکردنی یاسای دژە ژن و دواکەوتووەکانی، سیمای دزێوی خۆی ئاشکراکرد. بەردی بناغەی ڕژیمی ئیسلامی لەئێران بەپەسەندکردنی یاساکانی هەڵاواردن دانراوە. ژنان بەردەوام قوربانیانی سەرەکی هەژاریی، بێکاریی، لەشفرۆشی، هەڵاوسان و گرانی، ئیعتیاد و باقی کێشە کۆمەڵایەتییەکانن لەئێراندا .ئێرانی ئیسلامی بۆ ژنان زیندانێکی گەورەیە، کەدیوارەکانی بەرزیوترین یاسای کۆیلەتی قایمکراوە. سەرەڕای ئەمە بزوتنەوەی ژنان لەماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە، بزوتنەوەیەکی خۆڕسک و چالاک و خۆڕاگر بووە و لەهەموو نارەزایییەکان دژی کۆماری ئیسلامی چالاکانە بەشداربوون و پاڵپشتێکی گرنگ بۆ باقی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بوون و هەن.

ئێستا بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بووە، کەلەودیو درندەیی ڕژیمی ئیسلامی دژی ژنان، چ خەباتێکی بەتین لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەئارادایە و سەرەڕای سیستمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، ژنان لەهەموو گۆڕەپان و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێگەیەکی گرنگیان بەدەستهێناوە. بزوتنەوەی ژنان لە ئێرانی ئیسلامی بووەتە یەکێک لەبەهێزترین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بوونی دەیان کەس لەژنانی خەباتکار، لەپارێزەر و ڕۆژنامەنوس تاخوێندکار و هەڵسوڕاوی کرێکاریی لە زیندانەکان، نیشانەی بەشداری بەربڵاوی ژنان لەخەباتی ئەمرۆ و سبەینێی کۆمەڵگای ئێرانە.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان سەرەڕای دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، بەخەباتی خۆی بناغەیەکی پتەوی دروستکردوە، کەهەموو ئاماژەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کەلەگۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێتە بەهێزترین بزوتنەوەی سیاسی، و کاریگەرییەکانی تا ئەو دیوو سنورەکان دەڕوات.

لە کوردستانیشدا، ژنان لەچەند دەیەی ڕابردوو بەشدارییەکی بەرینیان لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و خەباتدا بووە و پێگەیەکی دیاریان دەستەبەرکردوە. بەشداری بەربڵاوی ژنان لەبزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کە زیاتر لەسێ دەیەی ڕابردوو ، فیداکاری و لەخۆبردوویی و بەرخۆدانی ئەوان لەسەنگەری خەبات، یارمەتیدەریان بووە تائەزمونگەلێکی پڕ بەها بەدەستبێنن و بەبێ هیچ دوو دڵیەک و ماندوونەناسانە دژی ڕژیمی ئیسلامی خەبات بکەن. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕژێمە ژنانی کوردستان لە یەکەمین قوربانیانی،زیندان ،ئیعدام،ئەشکەنجە و دەستدرێژی بوون و لەسەنگەرەکانی خۆڕاگری گەلی کورد لەزیندانەکان و لەخەباتی چەکدارانە چەندین حەماسەیان خولقاند و قارەمانانە فیداکارییان کردوە. بەشداری ژنانی کورد لەبزوتنەوەی سەراسەری ژنانی ئێران بەرچاوتربووە و لەخەبات دژی دیکتاتۆری ئەم ڕژێمە لەڕیزی پێشەوە بوون.

ژنی کورد لەبن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەزموونێکی بەدرێژایی زیاتر لە سێ دەیە پڕ لەخەبات و هەڵسوکەوتی هەیە.. ژنی کورد لە هەردوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و فێمینیستییدا دەوری بەرچاوی هەبووە،. ژنی کورد هێزی هەمیشەیی بەرامبەرکێ لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بووە. لەکاتی بردنی ڕۆڵەکانیان بۆ سەربازیی زۆرەملێ، بۆ شەڕی ئێران و عیراق، هێزێکی بەرگری بوون لەبەرامبەر هێرشی داگیرکەران بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، هێزی پشتیوانی پێشمەرگە بوون لەمەڕ دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕش لەکوردستاندا بەبەشی سیاسی و نیزامییەوە.. هەموو ڕۆژێک و ساتێک دەکەوتنە بەر شاڵاوی هێزەکانی حوکومەتی دیکتاتۆری دینی و هەموو بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کۆمەڵایەتیشیان کەوتە بەر سەرکوتی قانونی پیاوەمزنی و یاسای کۆنەپەرستانەی شەرعی و تەنانەت جەستە و کەسایەتیی ئینسانیشیان لە ژێر حیجاب و مەقنەعەدا شاردرایەوە. ئەمە تائەو کات بۆ ژنی کورد نامۆ بوو. بەکۆمەڵ و بەتاک گیران و کەوتنە بەر شاڵاوی دەستدرێژی جینسی و جەستەیی و دەروونییەوە. منداڵیان لە پێش چاویان ئەشکەنجە دەدرا، و مێردیان لەشەڕی رزگاری خوازیدا کوژراوە و باری گرانی ژیانی پڕ لەزووخاو و مەترسیشیان وەکوو تاقە دەرهێنەری نان کەوتۆتە سەرشان و لەهەمان کاتدا فشاری رۆحی "بێوەژن" بوونیان لەکۆمەڵگای پیاوسالار و دواکەوتوودا، بەسەرەوە بووە لەکوردستان سەرەڕای هەموو ئەمدەردانە، بەڵام هۆشیاریی گشتیی ژنان و بەشدارییان لەبواری چالاکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبیدا زۆر بەرین تر لەجارانە. سەرەڕای هەموو کوسپ و تەگەرەکان، ژنان ئەمرۆ لەئاستی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیدا هێزێکی حاشا هەڵنەگرن. زانستی گشتی و هەست بە تێکۆشان بۆ رزگار بوون لەنێو نەسلی ئەمرۆی ژنی کورددا گەشەی کردووە,

ئەنجامی پێچەوانەی راپەرینی خە ڵکی ئێران لەساڵی(١٣٥٧)ی هەتاویدا و هێرش و پەلاماری چەکدارانەی رژیمی کۆنەپەرستی ئێران بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی کورد کە بەرەو رووبوونەوەییەکی گشتی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بەشوێنەوە بوو، خاڵی بەهێزی چەکدار بوونی ژنی کورد توانی خرۆشی تایبەت بەمخەباتە رەوایە ببەخشێت. پەلاماری چەکدارانەی رژیمی ئایینی هەرگیز چاوی ئەم توێژەی لەخەبات و تێکۆشان نەترساند و بەپێچەوانەوە ژنی ئەمجارەی کورد بەداهێنانی خۆی راستەوخۆ تاوی دایە چەکی پارێزگاری لەماف و ویست و داخوازییەکانی و کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو ریزەکانی پێشمەرگایەتیدا رێکخران و بەشدارییان لە شۆرشی خە ڵکی ئازادی خوازی کوردستاندا کرد.



لەقۆناغی بەرگری چەکداریدا ژنانی کورد سەلماندییان کەدەتوانن پێشمەرگە بن و باری فیزیۆلۆژی ناتوانی بەربەستی هەڵسووران و تێکۆشانیان بێت، نەریت و کۆمەڵگا و یاساکانی ناکرێت بەر بەداهێنانیان بگرێت. لەو قۆناغەدا سەلماندیان کەدەتوانن سەرەرای زۆر بەربەست و ئاستەنگی سەر رێیان بوونی خۆیان وەک پیاو بسەلمێنن و لەگەڵ ئەوەشدا، کەپترین گوشاری ئایین، کۆمەڵگا و نەریتیان لەسەر بوو، بەڵام هەمدیس بەداهێنانەکانیان بەرەورووی هەرچەشنە کۆنەپەرستییەک ببنەوە و گشت قورسایەکانی بەرپرسایەتیی مێژووییان بەدڵەوە وەربگرن و لەخەباتکردن دانەمێنن و ببنە سەمبوولی خۆراگری و هاندەری شۆرشی خەڵکی شۆرشگێری کوردستان.

گەیشتن بەدەسەلات بۆ ژن، ئەویش لەکۆمەڵگایەکی پیاو مەزنی رۆژهەلاتی ناوەراست و لە نێو میللەتیکی بندەستدا، کارێکی هاسان نییە. ژنان دەبێ بۆ ئەم مەبەستە هەموو یان زۆربەی کۆسپە فیکری و ئەخلاقییەکان بروخێنن و نیشانی بدەن، کەدەتوانن بریار بدەن و رێبەری بکەن. بۆ هەموو کارێک بەچەن قات زۆرتر لەپیاوان هەوڵبدەن تابیسەلمێنن شیاوی ئەوەن کەداوای دەکەن.

لەماوەی دەسەلاتداریی کۆماری ئیسلامیدا ژنان لەزۆر پایە و پلەی پێشەیی و دەسەلاتداری بێبەش کراون و بەهوی ئەم بێبەشییەوە کەلێنێکی زۆر لەباری لیزانی لەسەرپەرشتی کاری کۆمەڵایەتی و مودیرییەتەوە کەوتوتە نێوان پیاو و ژنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانه

ئازیزانی خوێنەری گۆڤاری ژنان، لەم ماوەی ئەخیردا چیرۆکی(ماجرای یک عشق) لە نووسینی خاتوو نەسرین یوسفزادە ئەندامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە چاپ و بلاو بۆوە.وەک ستافی گۆڤاری ژنان وتووێژێکمان لەگەڵ نووسەری ئەو چیرۆکە پێک هێناو کە ئەمە دەقی وتووێژەکەی گۆڤاری ژنانە لە گەڵ نووسەری چیرۆکی ماجرای یک عشق.



**١ـ تکایە خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنن؟**

سەرەتا سپاسی ئێوە وگۆڤاری ژنان دەکەم کە تەشریفتان هێناوە. من ناوم نەسرین یوسف زادەیە تەمەنم ٣٥ ساڵەو لە شاری بۆکان، پێم ناوەتە دنیا لە شناسنامەکەم دا نوسراوە کە لە گەرمترین مانگی ساڵ دا هاتوومەتەدنیا .

**٢ـ دەکرێ باسی ئەوەبکەن کە لە کەیەوە دەستان بە نوسینی چیرۆک کردوە؟**

لە راستی دا من خویندەواری ئاکادمیکم نییە و تەنیا کاتێک کە کتێب و چیرۆک و رۆمانە جۆراو جۆرەکانم دەخوێندەوە هەستم کرد کە منیش دەتوانم ئەوەی کە لە خەیاڵم دایە بیخەمە سەر کاغەز و هەر بەو مەبەستە لە پێش (ماجرای یک عشق) دوو رۆمان و پێچ کورتە چیرۆکی دیکەم نوسی بەڵام چوون یەکەم کارەکانم بوون و بە لای خۆمەوە لاواز بوون هەر لای خۆم هێشتوومنەتەوە. لە کاتیک دا دەستم کرد بە نوسینی (ماجرای یک عشق) کە بۆخۆم تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو و کچەکەم پۆلی دووی سەرەتایی بوو و بنەماڵەکەم سونەتی بوون و کارێکی وەک نووسینی چیرۆک و رۆمان لە مەحاڵاتی ژیانی ژنێکی وەک من بوو.

**٣ـ لەم دوایانە دا چیرۆکێکی ئێوە بلاو بۆوە لە ژێر ناوی (ماجرای یک عشق) دەکرێ هێندێک لە سەر ئەو چیرۆکەی کە خۆتان نووسیوتانەباس بکەن؟**

(ماجرای یک عشق) چیرۆکی ژیان و خۆشەویستی پیاوێکە کە نموونەی وەفاداری و ئەمەک ناسییە لەو چیرۆکە دا ژن هێزو توانایی هەیە و لاواز نییە پیاو و ژن وەک یەکن و هیچ کام لەوان سواڵ بۆ ئەوینی ئەوی دیکە ناکەن چوون هەر کام لەوان بە رادەی پێویست عاشقن.

**٤ـ چیرۆکەکەت بە زمانی دایکی واتە کوردی نەنووسیوە، بەڵکوو بە زمانی بێگانە نووسیوتە، دەکرێ هۆیەکەی بۆ ئێمە باس بکەی؟**

هەموومان دەزانین سیستمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پەروەردە تەنیا زمانی رەسمی ولاتەکەیان فێری مندالان دەکەن و تەنانەت راگەیاندنەکلانیشیان واتەtvو رادیۆ و مەجەلەو رۆژنامەکانیان هەموو بە زمانی فارسییە، لە راستی دا من کاتێک ئەو کتێبەم نوسی تەنانەت نێوی خۆشم نەدەزانی بە کوردی بنوسم چون بە غەیری چەند کتێبێکی شێعر کتێب و نوسراوەی دیکەی کوردیم نەدیتبوو هەر بۆیە تەنانەت تا ئەو کاتە نێوی خۆشم بە کوردی نەدەزانی بنوسم هەر بەو هۆیەش بوو کە بە زمانی بێگانە واتە زمانی فارسی نووسیم

**٥ـ «ماجرای یک عشق» جەزابیەتێکی تایبەتی تێدایە، چیرۆکێکی راستەقینەیە یان لە خەیاڵێکە هەڵقولاوە؟**

نەخێر ئەوە چیرۆکێکی راستەقینە نییە و هیچ کام لە شەخسیەتەکانی ئەو بوونیان نییە و هەموو هەڵقولاوی خەیاڵی خۆمن.

**٦ـ چ بەربەستێک و کۆسپێک لە سەر رێگات بوون تا ئەو چیرۆکەت تەواو کرد؟ ئایا کەس هاندەرت بوو؟**

لە راستی دا بۆ هەر ژنێکی وەک من، کە بە کەمترین سەوادی ئاکادمیک بیهەوێ کارێکی ئاوا بکا یەکەم کۆسپێک کە بێتە سەر رێی بێباوەری و بێ متمانەیی ئەو کەسانەیە کە لێی نزیکن و لازمە پشتی بگرنە. کاتێک کە من دەستم دا قەڵەم بۆ ئەوەی کە ئەوەی لە خەیاڵم دایە بیهێنمە سەر کاغەز هیچ یەک لەو کەسانەی کە لیم نزیک بوون باوەریان نەبوو کە کارەکەم سەرکەوی و تەنانەت زۆر جاریش رەخنەیان لێ دەگرتم کە ئەوە چییە خەریکی چی تۆ تازە توو ئەو کارانە ؟ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتهەوێ چی بکەی و بە قەولی خۆیان (تۆ ژنی ماڵانی و ئەو کارانە منداڵانەیە) بەڵام دوای تەواو کردنی کارەکەم و نیشاندانی بە کەسانێک کە دەستیان لەو کارانە دایە مێردەکەم یەکەم کەس بوو باوەری بە کارەکەم هێنا و تا ئێستا وەک کێو لە پشتم بووە و منیش لە ڕێگای ئەو گۆڤارەوە سپاسی دەکەم و دوای ئەو سپاسی ڕۆمان نووسی گەورە کاک فەتاحی ئەمیری دەکەم کە بە وادەی نزیک بە ساڵێک وەک مامۆستایەکی باش یارمەتی کردم و دوایی سپاسی خاتوونێکی زۆر بەرێز بە نێوی فەوزییە قورەیشی ناشری کتێبەکەم بکەم کە بەراستی ماوەیەکی زۆر بەو کارەوە ماندوو بوو و لە دوایی دا سپاسی خوشکم ئەسرین یوسف زادە دەکەم کە تا ئاخرین مەرحەلەی چاپی ئەو کتێبە دڵسۆزانە وەشوێن کارەکانی کەوتوە و دەست خۆشی لە بابی خۆشەویستم کە پارەی چاپی کتێبەکەی وە ئەستۆی خۆی گرتوە دەکەم.

**۷- دوای چاپ بوونی هەبوو کە بە ڕەخنەی توند بتروخێنێ و دوایی بڕیار بدەی کە دەست بۆ قەڵەم نەبەیەوە؛ کە هیوادارم ئەو بڕیارەت نەدابێ ؟**

نەخێر بە دڵنیاییەوە نا من هەرگیز دەست لە قەڵەم هەڵ ناگرم و هەر ئێستاش ڕۆمانێکی دیکەم بەدەستەوەیە بە نێوی (کۆڵانەکەم) و بە ئومیدی خودا و یارمەتی هاوڕێیانم تا ماوەیەکی دیکە کاری نوسینەکەی تەواو دەکەم و هەر وەها کتێبێکی دیکەش بە نێوی (چل چیرۆک) کە نزیک بە بیست کورتە چیرۆکم لێ نوسیوە، ئەو کتێبە زۆربەی چیرۆکەکانی بۆ منداڵانە، هەروەها لە گۆڤاری ژنان هەر جارەو لاپەڕەی ژیانی ژنێکی ناو کۆڕی خەبات هەڵدەدەمەوە و بە نێوی (ڕۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک) بە هاوکاری خاتوونەکانی نێو ریزی حیزب هەر جارەو بیرەوەری ڕۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک بە شێوەی کورتە چیرۆکێک دەنوسمەوە.

**۸- لە کۆتایی دا چ بەو کەسانە دەڵێی کە هانیان داوی و تەشویقیان کردووی؟**

لە کۆتایی داو لە ڕێگای ئەو گۆڤارەوە بە هەموو ئەوە کەسانەی کە هانیان داوم و یارمەتیان کردووم دەڵێم کە دڵنیا بن بەردەوام دەبم و تا ئەو جێگایەی کە لە توانام دایە و خودا یارمەتیم دەکا و خۆشەویستانی وەک ئێوەم لە پشت بێ لە داهاتوو دا کاری باشترم دەبێ

هیوای بەردەووامیت بۆ بە ئاوات دەخوازین و دیسان پیرۆزباییت لێ دەکەین وەک ستاقی گۆڤاری ژنان.

منیش سپاسی ئێوە دەکەم...






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# با بە وتەی دایکانمان پەروەردە بین

**ئەو دایکانەی نەوەیەکی ڕاست و درووست پەروەردە دەکەن**
**تا دوارۆژێکی باش بۆ وڵاتمان دابین بکەین**



ئامینە ئەحمەدزادە

ئامینە ئەحمەدزادە یەکێک لەو دایکە شۆڕشگێڕ و بە ئیمانانەی نێو کۆڕی خەبات دەڵێ:

١-پێویستە هەر لە سەرەتای لەدایک بوونیدا منداڵ شیری دایکی پێ بدرێ تا ئەوکاتەی زمانیدەپژێ؛چونکە شیری دایک بۆپتەو کردنی ئێسکەکانی منداڵ وزیرەکی و هۆشیاری منداڵ زۆر باشە.

٢- پێویستە منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا فێری خووڕەوشتی باش بکرێت نەک خراپ. بۆ نموونە جنێونەدان یا هاوارکردن بەسەر منداڵ دا یا تورە بوون ولێدان لە منداڵ؛ هەموو ئەوانە وادەکات منداڵێکی شەڕانی و خراپی لێ دەرچێت.

٣- پێویستەمنداڵ فێری ڕێزگرتن بکرێت، کە ڕێز لە بنەماڵەو کۆمەڵگا بگرێت، چونکە بنەمای ئینسانییەت لەسەر ڕێزوو خۆشەویستی دروست دەبێت، بەڵام بەداخەوە لە هێندێک بنەماڵەدا دەبینرێ منداڵەکەیان چی پێخۆش بێت دەیکا ناخوێنێ یان کارێک ناکا دوارۆژێکی ڕوونی نیە.

٤- بە نەزەری من منداڵ دەبێت بە قسەی خۆش ولاوانەوە پێشی پێ بگیرێ و نەیەڵی فێری دەست پیسی و کاری خراپ بێت،چونکە ئەو منداڵانەی کە لە هیچیان ناگێرنەوە بنەماڵەو کۆمەڵگا تێک دەدەن.

٥- منداڵ پێویستی بە هەست وسۆزی زۆرە، بۆیە پێویستە وا پەروەردە بکرێت هەست وسۆزی بەرامبەر بە بنەماڵەو گەل ونیشتمان پتەو بێت.

دایکی ڕووناکبیر نەوەیەکی ڕووناکبیر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرزش

# ژنان و مۆندیاڵی تۆپی پێ



**نووسینی: ڕەحیم ئەحمەدی**

لێکۆڵینەوە لەسەر یارییەکانی مۆندیال کارێکی زۆر ئەستەمە، دەکرێ بەرێوەچوونی مۆندیال لەسەر ئاستی ژنان و پیاوان بە گرینگترین ڕووداوی وەرزشی لە سەر ئاستی جیهاندا بزانین. چوونکە تەواوی وڵاتانی جیهان بەشداریکردن لەو پێشبرکێیەدا بە فەخر و شانازی دەزانن. لە ساڵی ١٩٢٨دا «ژۆل ڕیمە» گەورە بیرمەندی وەرزشی خەڵکی وڵاتی فەرانسە بە بەرێوەبردنی کۆنگرەی چۆنییەتی ڕێکخستنی یارییەکانی مۆندیالی تایبەت بە تۆپی پێی پیاوانی لە شاری ئامستردامی پایتەختی وڵاتی هولەند پێک هێنا و پێشنیاری وەرێخستنی مۆندیال خرایە بەر دەنگدان و ئەو بیرۆکەیە لە کۆی گشتیی ٢٨ دەنگ دا، ٢٣ دەنگی ئەرێنی بەدەست هێنا. هەر بۆیە بڕیار درا هەر چوار ساڵ جارێک یارییەکان بەرێوە بچن. کە بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٣٠دا وڵاتی ئۆرۆگوا میوانداریەتی مۆندیالی تۆپی پێی پیاوانی لە ئەستۆ گرت چونکە لەو سەردەمە دا ئەو وڵاتە خاوەنی هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێز بوو . بەڵام مۆندیالی تۆپی پێی ژنان ٦١ ساڵ دوای مۆندیالی پیاوان دەستی بە چالاکی کرد و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩١دا وڵاتی چین میوانداری مۆندیالی ژنانی لە ئەستۆ گرت و ئەو حاڵەتەش لە جۆری خۆیدا ڕووداوێکی مێژووییە لە ڕەوتی گەشەکردنیدا، هەروەها پڕقریوەترین و جەماوەریترین وەرزش لە ئاستی جیهاندا لە هەژمار دەکرێت. لە ساڵی ١٩٩١ تاکوو ئێستا ٧٥ وڵات بەشداریان لە یارییەکانی پێش کۆتایی و قۆناغی کۆتایی مۆندیالی ژناندا کردووە، تا ئێستاش مۆندیالی تایبەت بە تۆپی پێی ژنان تەنیا بە بەشداری ١٦ هەڵبژاردە بەرێوە دەچێت. کە ئەوەش لەسەر داوا و گوشاری ڕۆژنامەنووسان و چاوەدێرانی وەرزشی قەرارە لە پاش بە کۆتاییهاتنی مۆندیالی ٢٠١٥ی کەنەدا دا مۆندیالی تایبەت بە ژنان بە ٢٤ هەڵبژاردە بەریچوە بچێت.

لە مێژووی بەرێوەچوونی مۆندیالی ژناندا ئەوە وڵاتانە میوانداریان کردووە کە بریتین لە: چین دوو جار، ئامریکا دووجار، ئاڵمانیا و سوئێد هەرکامیان یەک جار کەنەدا یەک جار، بەگشتی لەو یاریانەدا ئەو وڵاتانە نازناوی پلەی یەکەمیان دەستەبەر کردووە: ئەمریکا ٣ جار، ئاڵمانیا ٢ جار، نۆرویژ ١ جار، ژاپۆن ١ جار، دو وڵاتی چین و ژاپۆن وەکوو دو نوێنەری قارەی ئاسیا بە باشترین شێوە لە بواری تۆپی پێی ژنان دا بوون و تواناکانی خۆیان بە دیار خستووە، بەتایبەتی ژاپۆنییەکان هەرچەندە ئەوان لە یاری تۆپی پێی پیاوان لەسەر ئاستی جامی نەتەوەکانی ئاسیا دا خاوەن مێژوویەکی دووردرێژ نین. چونکە لە ساڵی ١٩٩٣دا خولی پیشەیی پیاوانیان لە نێوخۆی وڵات لە ژێر ناوی «جی لیگ» دامەزراندوە ئێستاش وەکو خولێکی بەهێز درێژە بە چالاکیەکانی دە دات. بەڵام بە دەستەبەرکردنی ٤ جار نازناوی پلەی یەکەمی جامی نەتەوەکانی ئاسیادا کەس ناتوانێت نکوڵی لە پەروەردەی سەردەمیانە و ڕێکخستنی جوانیان بکات. لە ساڵی ٢٠١٠دا و لە کاتی بەرێوەچوونی مۆندیالی ژنان هەڵبژاردەی تۆپی پێی ژنانی ژاپۆن لەنێو هەموو هەڵبژاردە بەهێزەکاندا دەری خست کە ئەوان خاوەن بەرنامە و ئیرادەن. هەر بۆیە توانیان لە نێو خاکی ئەڵمانیادا هەڵبژاردەی بەهێز و خاوەن سەروەری ئەڵمانیا تووشی شکست بکەن و بە شەکانەوەی ئاڵای وڵاتەکەیان براوەی نازناوەکە بن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تەواوی وڵاتانی ئاسیایی ڕێچکەی چین و ژاپۆن بۆ خۆیان بکەنە سەرمەشق و وانەیەکی نوێیان لێ فێر بن کە جیاوازی دانەنانی ڕەگەزی ئاکامەکەی ئەو سەرکەوتنانە بووە کە بەدیار کەوتوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانە

پێشەکی: وەرزشی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا هاوشێوەی وەرزشی پیاوان لە رووی پەروەردە،بودجە،هەلی کار،مافی بەشداریکردن، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن و بایەخی میدیایی گرینگی پێ دەدرێت،بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا سەرەرای بوونی چەندین یانەیەی تایبەت بە وەرزشی ژنان هێشتا دیار نیە ژنانی وەرزشوان کە مینەیەکی فەرامۆشکراون یان زۆرینەیەکی بێ دەنگ؟ بۆ شرۆڤە کردنی ئەو پرسە راو بۆچوونی خاتوو سروە مودەرسی بۆ گۆڤاری ژنان وەردەگرین.

١-بیۆگرافی خۆتان بۆ خوینەران باس بکە.

و.سروە مودەرسیم لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ لە پیرانشاری رۆژهەڵاتی کوردستان، هەرلە منداڵیەوە خولیای بواری وەرزشی ئیرۆبیک و لەشرێکی بووم و ماوەی ساڵانێک لە ژێر چاوەدێری چەند مامۆستایەک دا وانەکانی ئەو بوارە وەرزشیە فێربوومە و دەرچووی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەڵاحەدینم و ئێستاش راهێنەرم لە سەنتەری وەرزشی ئۆکسیژین دا.

٢-رێژەی دامەزرانی ساڵۆن و سەنتەرە وەرزشیەکان لە هەرێمی کوردستاندا رووی لە زیاد بوونە، بۆ چی کێشەی قەڵەوی ژنان چارەسەر نابێت؟

و. ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لە سەر وەرزش بە گشتی و ژنان بە تایبەتی،نەبوونی رۆشنبیری خۆراک و چۆنیەتی جولە و پشوودان هۆکارن بۆ قەڵەوی و لاوازی جۆری پەروەردە و میدیاش بە هۆکار دەزانم کە تا ئێستا وەکو پێویست نەیانتوانیوە لەو بوارە دا بەباشی ئەرکی خۆیان رایی بکەن.

٣-تۆ ساڵانێکە وەکو چالاکی وەرزشی کار بۆ پێشخستنی وەرزشی ژنان دەکەیت،هۆکاری ئاست نزمی ئەو توێژە لە چ دادەبینی؟

و.وەرزشی ژنان لە رووی ئەکادیمی،دامەزراوەیی، و هاتنیان بۆ نێو گۆرەپانە وەرزشیە کان وەکوو پێویست نەبووە من داب و نەریتە کۆنەکانی باو لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بە لەمپەر دەزانم لە بەردەم ئامادە بوونی ژنان لە نێو گۆرەپانە وەرزشیەکاندا.لە ئێستا دا ژنان دەبێ بگەنە ئەو بروایەی کە وەرزش بەشێکی پێویستە لە ژیانی رۆژانەیان بۆیە دەبێ زیاتر لە رابردوو کار بۆ پێگەیاندنی خۆیان بکەن.



٤-تا چەند سەرکەوتوو بویت لە گۆرینی روانگە وەرزشیەکان بە مەبەستی زیاتر پێشخستنی وەرزشی ژنان؟

و.من لە سەنتەری وەرزشی ئۆکسیژیندا لە گەڵ بەشێکی کەم لە کۆی گشتی ژنانی خولیای وەرزشی کوردستان کار دەکەم هەر چەند لەو سەنتەرە دا ژنانی نەتەوەکانی جۆراو جۆر رۆژانە بەردەوامن لە جولەی وەرزشیدا بەلام هەمیشە هەولم داوە گرینگی بە دوو لایەن بدەم،یەکەم رۆشنبیری وەرزشی و دوهەم زانستی سەردەمی وەرزش، باشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گۆرینی روانگە وەرزشیەکان خویندنگا بنەرەتیەکان بکاتە ئامانجی کارکردنی خۆی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سوودەکانی هەنار

لە لێکۆڵینەوە تازەکاندا هاتووە کە خواردنی هەنار وەک چارەسەرێکی سەرەکی بەکار دێت بۆ زۆر نەخۆشی، لە دوایین لێکۆڵینەوە کە چەند زانایەکی ئەمریکی و ئەورووپی ئەنجامیان داوە دەریانخستووە کە خواردنی هەنار سوودێکی زۆری هەیە بۆ ئافرەتی دووگیان ، هەنار دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکان و ئەو خوێیانەی کە لەش بە ئاسانی هەڵی دەمژێت.



هەر لەسەر سوودەکانی هەنار کە گرووپێک لە پسپۆرانی زانکۆی ئەمریکی توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوەکە کاریگەری هەنار دەردەخات لەسەر شێرپەنجە و لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە میوەیەکە رۆڵی گرنگ دەبینێ لە چارەسەری ئەم نەخۆشیە و ئەوەی سەلماندووە کە پێکهاتەی ئاوگی هەنار دەبێتە هۆی لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکان ،بۆ توێژینەوەکەش سوود لە شەربەتی هەنار وەرگیراوە و تێیدا دەرکەوتووە کە :

١- دژی ئەستوور بوونی دیواری خوێنبەرەکانە.

٢- دژی دەرکەوتن یا دروست بوونی مەینی خوێنە.

٣- بووەتە هۆی لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکان.

٤- دژی شێرپەنجەی مەمکە.

هەناری مێخۆش لەچەند پێکهاتەیەکی گرنگ پێک دێت کەبەرێژەی جیاواز هەن ئەوانیش بریتین لە: ١٠٪ شەکرەکان ، ١٪ترشەلۆک ، ٨٤،٢٠٪ ئاوە ، ٣٪ پرۆتین ، ٢،١٩٪ پێک دێت لەریشاڵەکان و مازوو ، ڤیتامینی (A، B، C ) وەهەروەها رێژەیەکی کەم لە ئاسن و فسفۆر و گۆگرد و کلس وپۆتاسیۆم و مەنگەنیزیوم ، کاردەکات بۆ توانەوەی رێژەی چەوری لەش بەرێژەی ٠٩،٧٪ .

زانایان روونیان کردۆتەوە کەهەنار دەوڵەمەندە بەهۆی ئەو مادده خۆراکی یە گرنگانەی کەتێیدایە بەتایبەتی ڤیتامینەکان کەدەورێکی گەورەیان هەیە لەچارەسەر کردنی نەخۆشیەکان وەکو چارەسەرکردن وهێورکردنەوەی ئێش وئازارەکان و دابەزاندن وهێنانە خوارەوەی پلەی گەرمی لەش هەروەها سوودی هەیە بۆ کاتی توێنیەتی لەوەرزی گەرمادا بەهۆی ئەوبڕە ئاوە زۆرەی لەپێکهاتەکەی دایە، وە چارەسەری سک چوون دەکات و رێگرە لەدرووست بوونی نەزیف بەتایبەتی نەزیف بوونی مایەسیری و قونێر .

شەربەتی هەنار چارەسەری سەرئێشە و چارەسەری نەخۆشیەکانی چاوو دەکات بەتایبەتی نەخۆشی لاوازی بینین .

پەلکی هەنار بەشی کردنەوەوتێکەڵ کردنی لەگەڵ هەنگوین گیراوەیەک دروست دەبێت کەسوودی بۆ زۆربەی نەخۆشیەکانی پێست هەیە وەهەروەها بۆلابردنی زیبکە وپەڵەی سەردەم و چاوو بەسوودە ئەگەر هاتوو بەشێوەی کرێم بەکارهات .

پێویستە ئەوە بزانیت کەخواردنی یەک هەنار رۆژانە لەماوەی مانگێک دا دەبێتە چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی کەم خوێنی و هەوکردنی جومگەکان و رۆماتیزم .پێویستە ئەوە بزانیت کەخواردنی یەک هەنار رۆژانە لەماوەی مانگێک دا دەبێتە چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی کەم خوێنی و هەوکردنی جومگەکان و رۆماتیزم .





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چی خوارد و چەند خواردن بۆ تەندروستی زیاتر لە ژناندا

زۆربەی ژنان ئەوەندەی بایخ بەجوانی جەستەیان دەدەن،ئەوەندە بایەخ بەوەی کە چی دەخۆن وچەندە دەخۆن،نادەن.هەیئەتێکی دوکتورانی ئامریکا لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی،٧جۆرە شتی خواردنیان بە ژنانی جیهان ناساند،تا بەخواردنی ئەمانە ژیانێکی شادوساڵمیان هەبێت.

١-ماسی: خواردنی ماسی چەور پڕە لە ئۆمیگا ٣ وبۆ ژنان زۆر بەسوودە

٢_باقلەی سوور: خواردنی باقلەی سوور دەبێتە هۆی ئەوەی کە زووتر هەست بە تێری بکەی وبۆ ماوەیەکی زیاتر تێربی.

٣_گوێز: خواردنی ٢یا٣دانە گوێزلە ماوەی ڕۆژدا دەبێتە هۆی گەشە و سەرزیندوویی.

٤_جۆ:پسپۆڕانی دڵ لە ئامریکا دەڵێن،خواردنی ٢٠تا٣٠ گرم دانەوێلە لەرۆژدا بۆ ژنان زۆر بەسوودە.

٥_کەلەم: خواردنی ٢تا ٤ پیاڵە کەلەم بە خاوی یا کوڵاوی لە حەوتوودا بۆ ژنان زۆر بەکەڵکە.

٦_ڕۆنی زەیتون: خوردنی٢کەوچکی چێشت خۆری ڕۆنی زەیتون لە ناو زەڵاتە یا چێشت دا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شێرپەنجەی مەمک ومەترسی توشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.

٧_ماست: بەکارهێنانی ماستی کەم چەوری لە ژەمیەکانی خوادن دا زۆر بەکەڵکە.



## سوودەکانی پێکەنین

یەکێک لە زۆرترین سودەکانی پێکەنین ئەوەیە کە بەرگری لەشمان زیاد دەکات و کەمتر نەخۆش دەکەوین، هەروەها ئاسانتر ئەتونین زاڵبین بەسەر فشارە دەروونیەکاندا کە رۆژانە بەرەوڕومان ئەبێتەوە/ ستریس.

پێکەنین چەند کاریگەریەکی لەسەر جەستەمان هەیە وەک دەڵێن پێکەنین مەساج/ شێلانی ئەندامەکانی ناوەوەمانە، پێکەنین ووزەمان بەرزدەکاتەوە لە جەستەو ڕۆحماندا، توانای کارکردنی سیەکانمان باشتر ئەکات و هەناسەمان ئاسانتر بۆ ئەدرێت، سوڕی خوێنی لەشمان باشتر ئەکات و پەستانی خوێن دادەبەزێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە باشتر خوێن بۆ هەموو ئەندامەکانی لەشمان بچێت و مێشکمان چالاکتر دەکات.

پێکەنین کاریگەری لەسەر دەروونمان هەیە/ بڕوا بەخۆبونمان زیاد دەکات، تواناکانمان زیاتر دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە، باشتر داهێنان دەکەین، دووودڵیت لێ دوردەخاتەوە و بێزاریەکانت کەم دەبنەوە، توانای وەرگرتن و فێربوونت بەرزدەکاتەوە ، هیلاکیت ناهێڵێت، ژیانت خۆش و گەشبینترت دەکات.

پێکەنین کاریگەری کۆمەڵایەتی زۆری هەیە/ کە توانای پەیوەندیەکانت باشتر دەکات، ناکۆکی کەم دەکاتەوە و توانا کۆمەڵایەتیەکانمان زیاتر دەکات.



هەروەها پێکەنین گرنگیەکی زۆری هەیە لە ناو ژیانی ئیش و کارکردندا لە ناو کارمەندەکاندا بۆ ئەوەی کارمەندەکان بەدڵێکی خۆش و ئارەزوووەوە بچنە سەرکارەکانیان و بەرهەمیان باشتر بێت، لەشیان ساغبێت لەسەر کارەکەیان.

هەر بۆیە من ئاواتەخوازم لە سودەکانی پێکەنین بگەین و ڕۆژانە بە ئاگابین و هەوڵبدەین بۆ چەند ساتێک لەگەڵ یەکتردا پییکەنین بۆ تەندروستی و ژیانێکی باشتر بۆ هەموو کوردێک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ئاڵبومێک لە کار و چالاکیەکانی ئەم ماوەیەی یەکیەتیی ژنان

















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگە



ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لە جێژنی پێشمەرگەدا کە لە قەڵای دێموکرات بەڕێوە چوو ،یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە دەسکەوتە بە نرخەکانی کۆماری کوردستان ،وەک کارێکی سەمبوولێک و بە نوێنەریی هەموو پێشمەرگەکانی دێموکرات خەڵاتێکی ڕەمزیی پێشکەش بە بەڕێز و تێکۆشەر کاک خالید



عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە پێک هاتبوو لە بەرگی خاکی پێشمەرگەو ئاڵای پیرۆزی کوردستان. ئەو خەڵاتە سەمبوولیکە لە لایەن دایە خەیاڵ دایکی شەهید سوولەیمان سوولەیمانپوور بە نوێنەریی هەموو دایکانی شەهید و هاوسەری شەهید ڕەسووڵ لیلانەیی خاتوو خونچە بە نوێنەرایەتی هەموو خێزانی شەهیدان پێشکەش بە کاک خالید عەزیزی کرا و ئاڵای سێڕەنگی کوردستان وەک ئەمانەتی کۆماری کوردستان لە لایەن خاتوو ئایشە عیسانژاد ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە وەک دیاریەکی بەنرخ پێشکەش بە بەڕێزیان کرا.

# بەڕێوەچونی کۆڕێک بۆ نووسەری کتێبی «ماجرای یک عشق»





ڕۆژی سێ شەممە ٢٤/ ٩/ ١٣٩٤ کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی بەشی ئاموزشی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان سمینارێکی بۆ خاتوو»نەسرین یووسف زادە» نووسەری ڕۆمانی(ماجرای یک عشق) و ئەندامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا،خاتوو نەسرین سەرەتای سمینارەکەی بە باس کردنی کاریگەری داب ونەریت وبنەماڵە لەسەر ژیانی خۆی وئەو هۆکارانەی بوونە ڕێگر لە دەرچوونی ڕۆمانەکەی،دواتر ڕۆمانەکەی بۆ ئامادەبوان شیکردەوە،شایانی باسە ئامادەبوان و نووسەران ڕەخنەو پێشنیاریان ئاراستەی نووسەر کرد.یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان وێڕای هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خاتوو نەسرین، دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێ دەکا بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم بەرهەمی چاپ کراوی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# گەیشتنی کۆمەڵێک هاوکاریی لە لایەن دڵسۆزانی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی دانمارک



بە هاوکاریی کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک هەرزانە بازاڕی «پەسند» بۆ فرۆشتنی ئەو کەل و پەلانەی کە لە وڵاتی دانمارکەوە بۆمان هاتبوو کرایەوە. لەم هەرزانە بازارەدا کە تایبەتە بە یەکیەتی ژنان بۆ هاوکاری کردنی بنەماڵەکانی حیزبە کە بە هەرزانترین شێوە جل و بەرگی خۆیان دابین بکەن. پێویستە لێرەدا سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی هەریەک لە بەڕێزان ، خاتوو خەیاڵ قادری ،خاتوو پەروانە پایان ،ئاتاسا و ئاوات قادری،کاک هەمزە و بەیان مووتەفیق ئەدیب ،کاک رەشید قازی ،سەرگوڵ و لاوین قازی ، کاک محەممەدو رۆژین گەدین ،ئەرجان گولان ،سەلیم گوڵچین و ئالان قازی، بکەین بۆ ئەو هاوکاریەی کە بە رێکخراوەکەمانیان کردوە و بە هۆی هاوکاری ئەو بەڕێزانە هەوڵ دەدەین کە هەرزانە بازاڕی یەکیەتی ژنان بەردەوام بێت . دووبارە سپاستان دەکەین دڵسۆزانمان لە وڵاتی دانمارکەوە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ حەوتووی بەرەنگاری توندوتیژی دژی ژنان



لە حەووتووی بەرەنگاری توندو تیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان لە دەڤەری سۆران لە باشووری کوردستان لە ژێر درووشمی (لە ئاشتی ماڵەوە بۆ ئاشتی جیهان ، پەروەردەیەکی ئارام بۆ هەموان ) سیمینارێک بەڕێوەچوو کە تێیدا کۆمەڵێک کەسی ئاکادیمی و مامۆستای زانکۆ تێیدا بەشدار بوون و بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنانیان تاوتوێ کرد کە بە چ هەنگاوێک دەتوانن بۆ بنبڕ کردنی هەوڵ بدەن و باسیان لەو هۆکارانە کرد کە دەبنە هۆی توندوتیژی کردن بەرامبەر ژنان .هەر لە میانەی ئەو سیمینارەدا بوو کە کۆمەڵێک ژنی چالاکی کورد خەڵات و رێزلێنانیان پێبەخشرا. پێویستە بگوترێ کە خاتوو منەوەر دادیلی ئەندامی یەکیەتی ژنان بەشداری ئەم سێمینارە بوو کە لە لایەن رێکخەرانی سێمینارەکەوە بانگهێشت کرابوو .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کردنەوەی تاوەری چوارپارچەی کوردستان لە هەولێر

ڕۆژی یەک شەممە٢٠١٥/١١/٢٩ لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان و لە ناوەندی شاری ئاڵتوون بۆ کردنەوەی (تاوەری چوارپارچەی کوردستان) مەبەست لە دروست کردنی نیشانەیەکە بۆ یەکگرتنەوەی هەرچوارپارچەی کوردستان و بەرەنگی سپی داپۆشراوە وەک هێمایەک بۆ ئاشتی خوازی گەلی کورد.

ئەو شوێنە وەک گەلەریەک بەکاردێت بۆ پێشانگای شێوەکاری و هوونەری لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی .

ئەو تاوەرە لە لایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز «دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ» کرایەوە. نوێنەری زۆرلایەن و ڕێکخراوی مەدەنی تێیدا بەشدار بوون کە یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەرپرسانی شاری ئاڵتوونەوە بانگهێشت کرابوون کە پێک هاتبوون لە بەڕێزان شلێر مەحموودی ئەندامی بەڕێوەبەریی ،خەدیجە پوورمەند کادری یەکیەتی ژنان و مریەم عەبدوولی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوون و هاوڕیەتی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێزان کاک برایم زێوەیی بەرپرسی نوێنەرایەتی و کاک حەسەن کاکیلی کادری حیزبیان کرد و لە کردنەوەی ئەم تاوەرە کە بە شوێنی هەرچوار پارچەی کوردستان ناوزەد کراوە بەشدار بوون و نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکرد لەو ڕێورەسمەدا.



---



سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی نۆامبر و یەکەم ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان لەشاری کۆیە کۆمەڵێک لە ژنی تێکۆشەری ئەو شارە کە بریتی بوون لە خاتوو( چیمەن ڕەفیق ،گەلاوێژ فەقێ سەعید،قومری حەمەد ) لە لایەن خەڵکی شارەکەوە بەپێشکەش کردنی چەپکە گوڵی ڕێز و وەفا ڕێزیان لێ گیراو کار و چالاکی و خزمەتیان بە ژنان بەرز نرخێندرا. شایەنی باسە ئەم سێ خاتوونە هەریەکەیان لە بوارێکدا زۆربەی تەمەنی خۆیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان تەرخان کردووە. هەر بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ڕێزگرتن لەو سێ خاتوونە هەیئەتێک لە یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن پێکهێنەرانی ئەم مەراسیمەوە بانگهێشت کرابوون بەشداریان کرد کە بریتی بوون لە خاتوو سوهەیلا قادری سکرتێر ، شلێر مەحموودی ئەندامی بەڕێوەبەری، تەوار ئەبرووزەنی و سرووشت مووساپوور وەک مشاویری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئامادەبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە شاری ئۆرێبروو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی نوامبری ٢٠١٥ کۆبوونەوەیەک لە دوو تەوەر دا بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بە بەشداری نوێنەرانی کۆمیتەی گشتی وڵاتی سوئێد لە شاری ئۆرێبروو بەرێوە چوو. لە پێشدا بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و یەکسانی، بەشداران هەستانە سەر پێ. دواتر لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێر هاتنی بەشداران کراو و مەبەستی کۆبوونەوەکە شی کرایەوە.



تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان. لەو بەشە دا خاتوو ئێڤا ئێریکسۆن ئالێن موشاویری کۆمەلایەتی لە بەشی «دژی توندو تیژی» لە شارەوانی ئۆرێبروو، باسێکی لەسەر توندو تیژی خێزانی پێشکەش کرد. ئێڤا ئالێن باسەکەی بە پوختەیەک لە پێک هاتەو شێوەی کاری ئەو بەشە لە شارەوانی دا دەست پێکردو دواتر ئیشارەی بە جۆری توندو تیژیەکان کرد لە چوار بەشی: جیسمی، دەروونی، سێکسو ئابووری دا. ئەو جار بەشداران هەموویان لە سەر بابەتەکە لەگەڵ خاتوو ئێڤا کەوتنە باسو گفتووگۆ.

تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمیتەی ئۆرێبرووی یەکیەتی ژنان و نەوژەن کردنەوەی کۆمیتە لەو شارە. سەرەتا خاتوو شلێر حەسەنپور بەرپرسی کۆمیتەی گشتی سوئێدی یەکیەتی ژنان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ئەو دوای سپاس لە چالاک بوونی کۆمیتەی ئۆرێبروو و هیوای بەردەوامی، باسێکی کورتی لەسەر هەڵبژاردنی تەوەرو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکیەکان کرد. خاتوو شلێر لە درێژەی باسەکەی دا تەئکیدی لەوە کردوە کە دەبێ حەوڵ بدەین چالاکیەکانمان بە جۆرێک بێت کە سرنجی لاوەکان بۆ لای ڕێکخراوەکەمان ڕاکێشێت.

پاشان خاتوو سکاڵا حەکیمزادە بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی گشتی، باسێکی کورتی لەسەر ئەرک و مافی ئەندام لە ڕێکخراوەکە دا پێشکەش کرد. هەر وەها شێووەی وەرگرتنی بودجەی لە وڵاتی سوئێدی بە وردی شی کردەوە کە ئەو بودجەیە بە گوێرەی چ هەڵسەنگاندنێک دەدرێ بە ڕێکخراوەکان.

ئەو جار خاتوو شوعلە قادری بەرپرسی کۆمیتەی ئۆرێبروو ڕاپۆرتی کارو چالاکی نیوان دوو کۆبوونەوە ساڵانەی خوێندەوە. دوای باس و تێبینی بەشداران ڕاپۆرتەکە تەئید کرا.



لە بەشی پێداچوونەوەی ئایینامەی کاری کۆمیتە دا دوای باسێکی زۆرو تێبینی بەشداران، بە تێکڕای دەنگ کۆمیتەی تازە ڕاسپێردرا کە ئەو دەستکاریە پێویستانەی هاتنە بەرباس، لە داهاتوو دا بیکات.

دوایین بەشی کۆبوونەوەکە هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمیتەی تازە بوو بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی یەکیەتی ژنان لە ئۆرێبروو، کە بە خۆشیەوە کۆمیتەیەکی چوار کەسی بە تێرای دەنگ متمانەی کار کردنیان بە دەست هێنا.

کاتژمێر ١٧.٠٠ کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات.

**کۆمیتەی ئۆرێبرووی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان**

**٢٠١٥/١١/٢٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێکهێنانی سمینارێک بۆ د.ناسر سیمایی بە بۆنەی ڕۆژی بەرەنگار بوونەوە ڕۆژی توندوتیژی دژی ژنان



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نوڤامبر ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان سمینارێکی بۆ دوکتور ناسر سیمایی، دەروونناسو مامۆستای زانکۆ پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی چوارشەممە ٤ی سەرماوەزو بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامی یەکیەتیی ژنان، کۆمەڵێک میوانو کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە قسەکانی خاتوو بێخاڵ بیلال لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بۆنەیە دەستی پێکرد.

لە برگەی سەرەتای ئەو سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان وێڕای باس لە شێوازەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان لە کۆمەڵگا باسی لە توندوتیژیی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی ژنان کرد.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە سەرەڕای بوونی دەیان ڕێکخراوی ژنانو بوونی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤو سەرەڕای زۆر بەرنامەی فێرکاریو پەروەردەیی بۆ وشیارکردنەوەی خەلک بۆ نەهێشتنی توندو تیژی، بەلام بەداخەوە توندو تیژی هەر بەردەوامەو هەر ڕۆژەو بە شێوازێکی نوێتر لە کۆمەلگادا دەردەکەوێ.

لە برگەی سەرەکیی سمینارەکەدا دوکتور ناسر سیمایی، دەروونناسو مامۆستای زانکۆ باسەکەی لە ژێر ناونیشانی " مانەوەی کاریگەریی توندو تیژی لە سەر روحی ژن"دا پێشکەش کرد.

دوکتور ناسر سیمایی لە باسەکەیدا بە ئاماژە بە جۆرە مۆدێرنەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان، بابەتیانە ئاوڕی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی توندو تیژی بە دژی ژنان کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا وێڕای خەسارناسیی دیاردەی توندو تیژی، پەرژایە سەر زیانو کاریگەریی توندوتیژی لەسەر ڕۆحی ژنو کاریگەریی ئەو حاڵەتە لە سەر ژیانی خێزانیو بنەماڵەیی.

لە کۆتایی ئەم سمینارەکەشدا بەشداربووان سەرنجو تێبینیو پرسیارەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا هێنایە گۆڕێ کە دواتر لەلایەن دوکتور ناسر سیماییەوە وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان درایەوە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە

ڕۆژی شەممە (١٦)ی ڕەزبەر بە ئامادەبوونی ئەندامانی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەک لە قەڵای دیموکرات لە کۆیە پێک هات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو شلێر مەحموودی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و مەبەستی کۆبوونەوەکەی بۆ ئەندامان باس کرد و داوای لە بەڕێز خاتوو سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنان کرد کە بێت و باسەکەی پێشکەش بکا.

سەرەتا خاتوو سۆهەیلا قادری باسێکی لەسەر بارودۆخی ژنان بە گشتی و ڕیکخراوی یەکیەتی ژنان بە تایبەتی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و ئەوانی لە وەزعی ئێستای ڕێکخراوەکە ئاگادار کردەوە،هەروەها بەڕێزیان داوای لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە کرد کە بە گورو تینێکی زیاترەوە کار بۆ بەرەو پێش بردنی ڕێکخراوەکەیان و چالاک کردنی هەرچی زیاتری هەوڵ بدەن.

بەشدارانیش زۆر چالاکانە بەشداریان لە باس و بابەتەکاندا کرد و بە سەرنج و تێبینیەکەنیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.



# بەشداری کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە فێستیواڵی نەتەوە جیاوازەکاندا

ڕۆژی شەممە، ٢٤ی نوامبری ٢٠١٥ی زایینی ، لە شاری لیللەسترۆم لە پارێزگای ئاکەشهوس بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لەم پارێزگایە فیستیواڵێکی کولتووری بەرێوە چوو.

لەو فستیڤاڵەدا کە هەموو ساڵێ بە بەشداریی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای ئاکەشهووس لە وڵاتی نۆرویژ بەرێوەدەچێ، هەر نەتەوەیەک بۆ پێناسە کردنی خۆی بە نۆروێژییەکانو ئەو کەسانەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن ستاندێک دادەنێو لەو ستاندەدا ئەو کەرەسیە خۆماڵییە باوانەی نەتەوەکەیان وەک جەلو بەرگ، پێڵاو، کڵاو زۆر شتیی دیکە لە شوێنی تایبەتی خۆیان دادەنێنو لەگەڵ میوانانی پرۆگرامەکە سەبارەت بە کولتوورو دابو نەریتی خۆیان بیرورا دەگۆرنەوە.

ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان وکۆمەڵەی کوولتوری کوردی ڕۆمەریکە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوو پارێزگای ئاکەشهووس بەشدارییان لەو فستیڤاڵەدا کردو بە ڕازاندنەوەی ستاندی تایبەت بە کوردانی ڕۆژهەڵات و سازکردنی خواردنی خۆماڵی و هەروەها پیشاندانی جلوبەرگی کوردی بەشدارییان لە فستیڤاڵەکەدا کرد.

مەحبوبە ڕەحیمی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ماوەی ٥ ساڵە لە کۆمیتەی ئامادەکاری ئەو فستیڤاڵەدا کە بە «کولتوورمیکس» دەناسرێ، بەشدارەو وەک یەکێک ئامادەکارانی ئەو بەرنامەیە کاری کردوە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە لە لایەن یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان و ڕێکخراوی ئا.بێ.ئیف لە شاری ئۆرێبروو

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی نوامبری ٢٠١٥ ، کۆمیتەی ئۆرێبرووی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوی ئا.بێ.ئیف کۆبوونەوەیەکیان بۆ ڕێکخراوە کوردیەکان لەو شارە پێک هێنا کە لەلایەن کوردانی نیشتەجێ لە ئۆرێبروو پێشوازی لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیە دا خاتوو شوعلە قادری وەک بەرپرسی کۆمیتەی ئۆرێبروو پێشتر مەبەستی کۆبوونەوەکەو زەروورەتی هاوکاری نێوان ڕێکخراوە بەیانیەکان لەگەڵ ئا.بێ.ئیف.ی بۆ بەشداران شی کردەوە. ناوبراو هاوکات هاوکاری و پێک هێنانی بەرنامەی هاوبەشو لێک نزیک بوونەوەی ڕێکخراوە کوردیەکانی لە تاراوگە وەک کارێکی ئەرێنی و پێویست هێنایە بەرباس.

پاشان هەر لە لایەن خاتوو شوعلە باسێک لە ژێر سەردێری « ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنی کورد لە تاراوگە» پێشکەش کرا. لە بەشێکی باسەکە دا شوعلە قادری چەند خاڵێکی وەک ئەرکی ڕێکخراوەکان هێنایە بەر باسو دواتر ئیشارەی بە ئەرکی قورسی دایکو بابەکان کرد کە دەبێ هاوشانی ڕێکخراوەکان لە حەولی دیتنەوەی ڕێگایەک بن کە چۆن دەکرێ ئەو تەجروبانەی کە هەیە تەعامولی دەگەڵ بکرێ و بیگوێزرێتەوە بۆ ئەو نەسلەی کە لە هەندەران پێک هاتوە. چۆن بتوانرێ ئەو نەسڵە وا بار بێت کە لە دوارۆژ دا هەسورێنەری ڕێکخراوە کوردیەکان بن و شانازی بە کورد بوونی خۆیان بکەن.

دوا بەشی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بە راو بۆچۆنی بەشداران کە زۆر چالاکانە بەشداری باسەکەیان کردو چەند پێشنیاری باشیان بۆ دەستپێکی کار کردن لە سەر لاوەکان و هەر وەها کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکان هێنایە بەرباس.






شایانی باسە کە لەو کۆبوونەوەیە دا بەرێز مەولوود شەبرەندی باسەکانی وەردەگێڕایەوە سەر زمانی سوئێدی. کۆبوونەوەکە کاتژمێر ١٧.٣٠ کۆتایی پێ هات.

**کۆمیتەی ئۆرێبروی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە «ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان» لە نۆرویژ

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٢ی نۆڤامبری ٢٠١٥، کومیتەی نۆرویژی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سمینارێکی بۆ دوو تێکۆشەری بواری کاروباری ژنان، دکتور کوێستان گادانی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی سیاسی و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان و خاتوو هێلێنا، تێکۆشەرێکی نۆرویژی سەر بە ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی ژن و پێشگیری لە توندوتیژی دژ بە ژنان پێکهێنا.



سەرەتایی سمینار بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدان و هەموو ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانی توندوتیژی، دەستی پێکرد.

دواتر لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە هەلالە ئیبرایم میران بەنوێنەرایەتی یەکێتی ژنان بە خێرهاتنی بەشداربوانی سمینارەکەی کرد، بە تایبەت بەر پرسی شارەوانی شێسمۆ ئوولا یاکوب فلاتن و شاندی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەلات کۆمیتەی نۆرویژ.

لە سەرەتای سمینار دا بەرێز ئوولە یاکوب فلاتێن، بەرپرسی شارەوانی شێسمۆ، وتەیەکی کورتی سەبارەت بە بابەتی سمینار لە سەر توندوتیژی بە دژی ژنان و مندالان پێشکەش کرد. بەرپرسی شارەوانی شێسمۆ لە سەر توندوتیژی بە گشتی ئیشارەی بەوە کرد کە دەبی هەموو لایەک لە سەر مەسەی توندو تیژ لە دەورە بەر بە تایبەتی مندالان خۆیان بە بەرپرسی بزانین وە ئیشارەی بەوە کرد کە توندوتیژی تایبەت نیە بە میللەتێک یان کولتوورێک، بە ڵکو ئەو چەمکە لە هەموو کۆمەڵگاو میللەتێکدا دەبینرێت، وە لە قسەکانیدا کوتی، کە ئەوان وەک شارەوانی شێسمۆ لە هەوڵی ئەوەدان کە هیچ کات کەمتەر خەمی نە کەن بۆ کار کردن لەسەر مەسەلەی توندو تیژی. لەدرێژەی قسەکانیدا سپاسی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی کرد کە لە سیمیناریکی لەو شیوە بابەتیکی ئاوا لەسەر مەسەلی توندو تیی دێننە گۆرێ.



دواتر دوکتور کوێستان گادانی، باسێکی گشتی سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستان دا بە تایبەتی پێشکەش کرد. خاتوو گادانی باسەکەی خۆی بە سەر دوو بەشی ستەمی ئاشکرا و ستەمی شاراوە کە زۆرتر بابەتی سەرەکی سمینارەکە بوو، هێنایە بەر باس. بەرێزیان بوارەکانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆیەکانی چەوسانەوە و توندوتیژی بە دژی ژنان لە نێو کۆمەڵگای ئەوروپی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ناوزەد کرد. تەوەرێکی دیکەی دوکتور گادانی، دەست نیشان کردن و مکانیزم بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ دیاردەی دزێوی چەوساندنەوە و توندوتیژی بە دژی ژنان هێنایەبەر باس کە بریتی بوون لە : پەرەپێدانی هاوتەریبی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی یەکسانی، پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆیی ژنان، پێکهێنانی بیرۆکەی یەکسانی ژن و پیاو و پەروەردەکردنی ژنان بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵاتداریەتی.

بەشی دووهەمی سمینار خاتوو هێلینا، چالاکی بواری ژنان لە نۆرویژ سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ولاتانی بە ناو ئازادیخوازی جیهان باسێکی پێشکەش

ئەو کۆمەڵە ژنانەی کە توندوتیژیان لە گەڵ دەکرێ تە نیا یەک لە سێ نەفەریان دێن و باسی دەکەن . هەروەها زۆربەیان هەروا بەبێ دەنگی دەمێنەوە، هۆیەکەی بۆ چەندین شت دەگەڕێتەوە، بەشی زۆریان لە ترسی گیانی خۆیان یان خۆشەویستی بە بنەماڵە، یا ناڵەباری باری ماڵی و مەعنەوی هەوڵ دەدەن تەحەمولی ئەو ژیانە ناخۆشە بکەن.

زۆربەی ئەوانەی کە لە لایەن کەسە نزیکە کانیانەوە تونددوتیژیان بەرانبەر دەکرێ ئەو کەسانەن هیچ شوێن و پەناگایەکیان نیە و بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتوە کە زۆربەی ئەو ژنانەی توندووتیژیان لە گەڵ دەرکرێ، دوای دەست پێکردنی ژیانی هاوبەش و لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ئەو کارە دەکرێ.



کرد. لە بەشێکی باسەکەی خاتوو هێلینادا هاتووە، ئەوتوندووتیژیە لە لایەن کەسانی نزیکی خۆتەوە پێت دەکرێ، بە چەندین شێوە دەبیندرێ کە بریتین جنسی، روحی، ماڵی و هەروەها کۆمەڵایەتی. ئەو کەسانەی کە توندووتیژیان بەرانبەر دەکرێ خویان لە کومەڵگا و بنەماڵەی خویان دوور دەکەنەوە.

لە دوایین بەشی سمینارەکادا، کاک عەبدوڵڵا گۆمانی بە دەنگە خۆشەکەی خۆی گۆرانیەکی پێشکەش بە بەشداربوان کرد.

**یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان،**

**کۆمیتەی نۆرویژ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی مەراسمی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاریی دووریێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕێورەسمێک بەبۆنەی شەوی یەڵدا، شەوزستانو شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێبەری گەورەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو..

لەو ڕێورەسمەدا شەوی یەڵدا وەک بۆنەیەکی مێژوویی‌و فەرهەنگی‌و شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.




لە سەرەتای ئەو شەویادەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن مستەفا مەعرووفی، ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوەکانی حیزب پێشکێش‌کرا..

مستەفا مەعرووفی لە سەرەتای قسەکانی‌دا باسی لە مێژووی شەوی یەڵداو جێگەی ئەو بۆنەیە لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێراندا کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە شەوی یەڵدا بو کورد جیا لەوە واتایەکی دیکەشی هەیەو ئەویش شەوی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

مستەفا مەعرووفی لە درێژەی باسەکەی‌دا پەڕژایە سەر ئەندێشەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنانو لاواندا..

ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی حیزبی دێموکڕات لەو پێوەندی‌یەدا باسی ئەوەی کرد کە لە ئەندێشەکانی قاسملوودا ژن خاوەنی پێگەیەکی بەرزەو قاسملوو هەوڵی ئەوە بوو کە ژن لە کۆمەڵگای کوردی‌دا کەسایەتیی شیاوی خۆی هەبێ‌و شوێن‌پەنجەی بەسەر ڕووداو و ئاڵۆگۆڕەکان لە کۆمەڵگادا دیارو بەرچاو بێ.

مستەفا مەعرووفی لە درێژەی باسەکەی‌دا لە دەلاقەی ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووڕا باسی پێگەی لاوان‌و نەخشی ئەوان لە بزووتنەوەی سیاسی‌و نەتەوەیی کوردی کرد. بەڕێزیان گوتی دوکتور قاسملوو ئیمان‌و بروایەکی زۆری بە پەروەردەی لاوان‌و قورسایی ئەوان لە پرۆسەی وشیاریی نەتەوەیی‌و بەڕێوەبردنی خەبات بۆ مافو ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کوردی کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان‌و ژنانی دێموکڕات لەلایەن ئارەزوو عەزیزی، جێگری سکرتێری لاوانەوە پێشکێش‌کرا.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە هیوای دوکتور قاسملوو بە لاوان‌و ژنان هاتبوو کە

جێی خۆیەتی ئێمەی ژنان‌و لاوانی دێموکراتیس شێلگیرانەتر لە جاران ڕێبواری ڕێگای ئەم ڕێبەرە نەمرە بین‌و شەوی یەڵدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی دکتوور قاسملوو، پەیمان لەگەڵ بیرو ڕێبازو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە نوێ بکەینەوە.



لە برگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەخشانە شێعرێک لەلایەن سوهەیلا قادری و غەزەلێک لەلایەن ئەحمەد قادری پێشکێش بە بەشداربووان کران‌و شەویادەکە بە چەند برگەیەکی هونەری درێژەی پێدرا..

لە بەشی هونەریی شەویادەکەدا هونەرمەندان ساوێن و سابات لەگەڵ تاهیر خەلیلی چەند گۆرانی‌یەکیان پێشکێش کرد کە لەلایەن بەشدارانی شەویادەکەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاڵبومێک لە کار و چالاکیەکانی ئەم ماوەیەی یەکیەتیی ژنان


















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان
# بە بۆنەی شەوی یەڵدا

ئەمشەو ٨٥ ساڵ بەسەر لەدایکبوونی ڕێبەری هەڵکووتووی کورد، دکتوور قاسملوودا تێپەڕ دەبێت و ئەوەی کە تا ئێستاش بۆتە هۆی ئەوەی دوای شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە، ساڵانە یادی لەدایکبوونی بکەینەوە، ئەو میراتە هزری و شۆڕگێڕییەی دکتوور قاسملوویە کە نەسل بە نەسل نەوەکانی قاسملوو لەسەر ئەو ڕێبازە، خەبات و تێکۆشانی خۆیان ڕێک دەخەن و بیری دکتوور قاسملوو بۆتە چرای ڕێگای تێکۆشانیان.

جێی خۆیەتی ئێمەی ژنان و لاوانی دێموکرات سەربەرز و سەرفەراز بین، و شێلگیرانەتر لە جاران ڕێبواری ڕێگای ئەم ڕێبەرە نەمرە بین و شەوی یەڵدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی دکتوور قاسملوو، پەیمان لەگەڵ بیر و ڕێباز و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە نوێ بکەینەوە.

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە ژیان و تێکۆشانی دکتوور قاسملوو بدەینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕێبەرە لەو سەردەمەدا چەندەها ساڵ لە پێش کۆمەڵگا بووە.

* دکتور قاسملوو ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ورمێ لەدایکبوو و تێکۆشانی سیاسی خۆی لە ساڵی ١٣٢٤ بە دامەزراندنی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پێکرد و بوو بەشێک لەو لاوانەی کە ئەو سەردەم خەریکی تێکۆشانی ڕێکخراویی بوون و لە ژێر چەتری کۆماری کوردستاندا کاریان دەکرد.

* پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، دکتوور قاسملوو چوو بۆ وڵاتی فەرانسە و لەوێش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی بە هاوکاری بەشێک لە کوردانی پارچەکانی تر دامەزراند.

* ساڵی ١٣٤١ دکتۆرای لە بواری زانستی ئابووری وەرگرت و شارەزایی تەواوی بەسەر زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیسی، تورکی، عەرەبی ، فەڕانسی، ڕووسی و چیکی دا هەبوو.

* دکتوور قاسملوو بەداخەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لەکاتێکدا بۆ چارەسەری پرسی کورد لە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دانووستانی دەست پێکردبوو، لەسەر مێزی دیالۆگ بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ئێران شەهید کرا و ڕێژیمی ئێران بەم کارەی سەلماندی کە چەندە لە حیزبی دێموکرات و بیری دکتوور قاسملوو دەترسێ.

ترسی ڕێژیمی ئێران لە حیزبی دێموکرات بەوە کۆتایی نەهات و لە هەر شوێنێک بۆی هەڵکەوتبا دەستی لە تێرۆری ڕۆڵەکانی دێموکرات نەدەپاراست.

### خەڵکی شۆڕگێڕی ڕۆژهەڵات!

هەنووکە ڕێژیمی ئێران لەناوخۆدا تووشی سەدان و بگرە هەزاران قەیران هاتووە و ڕێژیم وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی و بۆ شاردنەوەی ئەم کێشە نێو خۆییانەی، دەستی کردوە بە ئاژاوەگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیدعای سنووورداری تا دەریای مەدیتەرانە دەکات. بەڵام بە هەموو ئەو خەونانەی کە بۆ درێژ کردنەوەی دەسەڵاتە دژی گەلییەکەی خۆی دەیبینێ، ئێستاش بەدەست ڕۆڵەکانی دێموکراتەوە زەبوونە و ڕێژیمێک کە پێی وایە حاکم و سەرداری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بەدەیان جار لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەو پەیامەی وەرگرتووە کە نەیتوانیوە لە کوردستان ئەو حاکمیەتەی بچەسپێنێت.

حزووری ئەکتیڤ و بەردەوامی پێشمەرگەکانی حیزبی قاسملوو لە ڕۆژهەڵات و،ئامێزی گەرم و ئاوەڵەی خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە بە ڕووی پێشمەرگەدا و، پێشوازییان لە پێشمەرگە بە درووشمی «قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» جارێکی دیکە حاکمیەت و دەسەڵاتی داگیرکەریان لە ڕۆژهەڵات هێنایە ژێر پرسیار و جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان ئەو پەیامەیان دایەوە بە کۆماری ئیسلامی کە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژهەڵات پرسی کورد بەلاڕێدا ببات و پرسی کورد چەواشە بکات.

لێرەدا جیی خۆیەتی کە ئەو ڕاستییە وەبیرمان بێنینەوە کە ئەو دنیابینی و ئایدۆلۆژیای خەباتە، کە شەهید دوکتور قاسملوو بۆ کوردی بە دیاری هێنا بەشی ئەوە دەکات کە کورد ١٠ شۆڕشی دیکەی لە ڕۆژهەڵات پێ وەڕێبخا و بە ئاکامی بگەیێنێ، بە مەرجێک کە جیلەکانی کوردستان وەک هەمیشە لەسەر ڕێبازی قاسملوو شێلگیر و بەردەوام بن.

ئەرکیژنان و لاوانی ڕۆژهەڵاتە کە لەبەرامبەر وەزعی مەوجود تەسلیم نەبن و دۆخی بێ تەفاوەتی و بێ خەیاڵی قەبووڵ نەکەن و هەروەها ئەرکی خەباتکارانی کوردە کەبە کەڵک وەرگرتن لە هونەری گواستنەوەی دەرفەت و هەلەکان بە قازانجی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات، درێژە بە تێکۆشان بدەن و تا گەیشتن بە دوا وێستگە و ئامانجی شەهیدان بەردەوام بن.

**جارێکی دیکە بەبۆنەی لەدایکبوونی ڕێبەری گەورەی کورد دکتوور قاسملوو، پیرۆزباییتان لێ دەکەین.**

**یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات**

**١٣٩٤/٠٩/٣٠**






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**بەشدارانی بەڕێزی ڕێورەسمی دووی ڕێبەندان!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان !**
**ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا و کۆماری کوردستان !**

لە لایەن کۆمیتەی گشتی بەڕیوەبەریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین ،بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و یەکەم حکوومەتی کوردی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزرا.

**بەڕێزان!**

بێگومان نەتەوەی کورد دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٥ز) بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتێکی بە نرخ و لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی چاو لێکردوە .

تایبەتمەندییەکی گرینگی کۆماری کوردستان سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە سیاسەتدایە. بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆمار « حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دادەمەزرێنێت. کە هەر ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو کات زۆر جار بە ناوی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانیش ناوی هاتوە .ئەو ڕێکخراوەیە لە بالاترین ئاستی کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەواوە پشتیوانیان لێ دەکرا و سەرانی کۆمار لە بنەماڵەکانی خۆیانەوە بە هێنانە ناوەوەی ژنان بۆ مەیدانی خەبات دەستیان پێ کرد،کە پێشەنگەکەیان هاوسەری پێشەوا قازی خاتوو منیا قازی بوو.دیارە ژنان بەو ئاستە نەگەیەندران کە پۆستی سیادی و کلیدیان بدرێتێ و ڕاستەوخۆ و پێبەپێی پیاوان و لە ئاستی بڕیاردەردا جێ بگرن ،بەڵام ئەوە بۆ ئەو سەردەم کە کۆمەڵگایەکی تا ڕەگ و ڕیشە پیاوسالار بوو و دەرسەدێکی کەمی خەڵکی خوێندەوار بوون، دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ ژنان و، ئەهمیەت پێدانی حکومەتی کۆماری کوردستان بۆ ژنان دەنوێنێ. دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە پەیامێکی گەورە بووە بۆ کۆمەڵگای پیاو سالاری و عەشایەری لەو سەردەمەدا، لە سەردەمێک دا کە لە بنەماڵە و کۆمەڵگا دا پیاو دەنگی یەکەم بوو و بگرە ژن بۆی نەبوە بە هیچ شێوەیەک دەنگ هەڵبڕێ و هەڵوێست بگرێ. هەر بۆیە دەتوانین دامەزراندنی وەها ڕێکخراو و هێنانە بەر باسی وەها مەسەلەیەک بە ڕێنسانسێک لەو سەردەمەدا ناو ببەین. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کۆمار تا ئێستا بەو سیستەمە ڕێبەرییە دێموکراتیەی، ڕێبەریی گەلی کوردی کردبا، لە گەڵ سەردەمدا نوێ دەبوەوە و جیا لەوە کە ژنان بە ئاستێکی باش دەگەیشتن ، زۆر بەکەمی یان هەرهیچ گوێمان لە هەواڵی کوشتنی ژنان و کچانی گەلەکەمان نەدەبوو و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر ژنان لە ئێران و ناوچەکەدا دەبوو.

مەبەست لەدامەزراندی ڕێکخراوی ژنان و باسکردن لە مافەکانی ژنان لەو سەردەمەدا، بۆ پێشەوا بابەتێک نەبوو کە ناوبانگی پێدەربکا و بۆ دەرخستنی کەسایەتی خۆی بێ ، چونکە پێشەوا جێگە و پێگەی لە هەناوی کوردستان و لە لای غەیرە کوردەکانیش ئەوەندە بەهێز بوو کە پێویستی بە خۆزەق کردنەوەیەکی وا نەبوو. بەڵکوو بیر کردنەوەی پێشەوا و سەرکۆماری کوردستان ،بیر کردنەوەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتوانە بوو،کە باوەڕی قوڵی بە مافی مرۆڤ بە گشتی وەک خۆی بە بێ جیاوازی هەبوو کە بەرنامەیێکی تایبەتیشی بۆ داهاتوو لەو بوارەوە دارشتبوو. ئەگەر چی کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگی تەمەن بوو ، بەڵام دەسکەوتەکانی ئێستاکەش هەر ماون و دەپارێزرێن.

ڕاستە لە سەردەمی ئێستادا ڕێکخراو و دامەزراوەی زۆر بۆ داکۆکی لە مافی ژنان دامەزراوە بەڵام لەسەر دەمی ئێستا دا دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ پاراستنی مافی ژن، هونەر نیە و ئەرکی چالاکانی مافەکانی ژنانە. بەڵام لەو سەردەمەدا واتە ساڵی ١٣٢٤ ، دامەزراندنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەها ڕێکخراوێک نەک هەر هونەر و ئازایەتیی بووە، تەنانەت نیشاندەری گەورەیی ڕۆحی مەزنی پێشەوا و دامەزرێنەرانی کۆمار بووە بە نیسبەت مافەکانی ژنانەوە.هەر بۆیە دەکرێ کۆماری کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی موحەممەد لە مێژوودا ناوی بمێنێتەوە وەک سەرجەم ئەو سیستەم و ڕێکخراوانەی کە لە خزمەتی مافەکانی مرۆڤدا بوون بێ جیاوازیی.

**بەڕێزان!**

خاڵێکی دیکەی گرینگی جێسەرنجی کۆماری کوردستان کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە یەک لە ١١ \ ١١ \ ١٩٤٥ ز دا هاتوە « لە سەر ئەمری پێشەوای موعەزەم و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بڕیار درابوو لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرە پێدانی زمانی کوردی هەموو بنەماڵەکانی کە منداڵی وایان هەیە کە ئیقتزای خوێندن بکا کچ یا کوڕ دەبێ بچێ بۆ خوێندگایەک کە لە ژێر حکومەتی کۆماری کوردستان و بە زمانی کوردی بخوێنن و هیچ بنەماڵەیەکیش نابێ سەرپێچی لەو بڕیارە بکەن.» بڕیاردەری ئەو بڕیارە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ خوێندن بە زمانی کوردی بە گشتی و بۆ کچان بە تایبەتی.

کۆماری کوردستان جیا لەو دەسکەوتەی کە تایبەت بۆ ژنانی وڵاتەکەی پێی بوو، سەرەکیترین تایبەتمەندییەکەی بوونی ناوەرۆکێکی دێموکراتیکی لە کردەوەدا بوو و بە خستنە ڕووی داخوازیگەلێکی مۆدێرن لە قۆناغێکی زەمانیی کورتداو لە ناوچەیەکی جۆغرافیایی بەرتەسکدا نەتەوەی کووردی بەرەو خۆباوەڕی و متمانە بخۆبوون هاندا و فکری مافی وەک یەکی بۆ تاکەکان کردە فەرهەنگی کۆمەڵگای دواکەوتووی ئەوکات و، جێگیر کردنی داهێنانی مۆدێرن و بۆچوونی کوردباوەڕی و بیری نەتەوەیی ،یەکیەتی ستراتیژیکی لەگەڵ کورد و ئازەری، گرنگیدان بە پرسی ژنان و لاوان ،هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکراوەکان ،فێر کردنی زمانی کوردی ،دامەزرانی رادیۆ و چاپخانە و سینەماو زۆر کاری بە نرخی دیکە ،هەنگاوی بە کردەوەینا.

بە حەق دەبێ بڵەین کۆماری کوردستان سەرەتای هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکاندا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابوو،مەشغەڵێک بۆ ڕووناک کردنەوەی ئەو بیابانە تاریکە و چرایەک بوو بۆ خۆدیتنەوەی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەک. هەر بۆیە دەبێ گەلی کورد بە گشتی وخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات ،شانازیی بە خەباتی نەپساوە و مێژووی پڕ لە سەروەریی کۆماری کوردستانەوە بکەین .

جارێکی دیکە ٢ی ڕێبەندان لە هەموو نەتەوەی کوردبە گشتی و ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان پیرۆز بێ.

سەرکەوتن بۆ خەباتی میلی دێموکراتیکی گەلی کوردو سڵاو لە شەهیدانی سوورخەڵاتی ئەو ڕێگایە.

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.**

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی**

**هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN 42

Democratic Women Union Of Kurdistan

January 2016



